زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil


حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

کۆلێژی ئاداب/بەشی کۆمەڵناسی/بەیانیان


# ئاکامە کۆمەلایەتییەکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر زمانی دایک

## توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەڕوانگەی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی ئاداب

**پڕۆژەی دەرچوونە**

پێشکەش بە بەشی (کۆمەلناسی) کراوە، وەک بەشێک لە پیداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆمەلناسی


**ئامادەکردنی قوتابیان**

باران اسماعیل صابر

ایمان خضر عبدالله

**بەسەرپەرشتی:**

م.ی. روستم صابر مصطفی


٢٠٢٣-٢٠٢٤

**وقال تعالى**

**(رَبَّ اجْعَلْ هَذَا الْبَلَدَ آمِنًا)**

**سورة (ابراهيم)، آلاية، (٣٥).**

**وقال تعالى**

**(الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ وَء آمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ)**

**سورة (قريش)، آلاية، (٤).**

## پێشکەشە بە ....

* پێشکەشە بە دایک و باوکی ئازیزمان ،کە هەردەم پشتیوان و یارمەتی دەرم بوون لە تەواوی پرۆسەکانی خویندن.

* سەرجەم هاوڕییە بەڕیزەکانمان.

*پێشکەشە بە پیشمەرگە قارەمانەکانی بەرگری نیشتمانی دایک و شەهیدانی سەربەرزی ریگەی رزگاریخوازی گەلەکەمان.

# سوپاس و پێزانین

* سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەرێز ، (م.ی.روستم صابر مصطفی) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەمان دەکەین ،کە هەردەم پالپشت و یارمەتی دەرمان بووە بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.

* سوپاس و پێزانینمان بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە یارمەتیان داوین بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.

# لیستی ناوەرۆک


پێشکەشە بە ....................................................................ب
سوپاس و پێزانین ....................................................................ت
لیستی ناوەرۆک ....................................................................ث
پێشەکی ....................................................................١
دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە ....................................................................٢
بەشی یەکەم: ڕەهەندی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکان ....................................................................٣
باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە ....................................................................٣
١_ گرفتی توێژینەوە ....................................................................٣
٢- گرنگی توێژینەوە ....................................................................٣
٣-ئامانجەکانی توێژینەوە ....................................................................٤
باسی دووەم/ دیاریکردنی چەمکەکان ....................................................................٤
١- ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان ....................................................................٤
٢- یارییە ئەلیکترۆنییەکان ....................................................................٥
٣- زمانی دایک ....................................................................٥
بەشی دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو ....................................................................٦
یەکەم: توێژینەوە کوردستانییەکان ....................................................................٦
دووەم: توێژینەوەی عەرەبیەکان ....................................................................٦
سێیەم: توێژینەوەی بیانییەکان ....................................................................٧
بەشی سێهەم/ یاریە ئەلیکترۆنیەکان و زمانی دایک ....................................................................٨
تەوەری یەکەم : مێژووی یاریە ئەلیکترۆنیەکان ....................................................................٨
باسی یەکەم : باسکردنی یارییەئەلیکترۆنیەکان ....................................................................٩
باسی دووەم : لایەنی ئەرێنی و نەرێنی بەکارهێنانی یاری ئەلیکترۆنی ....................................................................١٠
لایەنی ئەرێنی بەکارهێنانی یاری ئەلیکترۆنی ....................................................................١٠
لایەنی نەرێنی بەکارهێنانی یاری ئەلیکترۆنی ....................................................................١١
کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان. ....................................................................١٣
تەوەری دووەم : باسکردنی زمانی دایک ....................................................................١٤
باسی یەکەم : کاریگەری زمانی دایک لەسەر یاریە ئەلکترۆنیەکان و مامەڵکردنی. ....................................................................١٥
باسی دووەم : لێکەوتەکانی یاری ئەلیکترۆنی لەسەر زمانی دایک ....................................................................١٨
دەروازەی دووەم لایەنی مەیدانی توێژینەوە ....................................................................٢٠

بەشی چوارەم : میتۆدی توێژینەوە و ڕێوشوێنەکانی مەیدانی ........................................ ٢٠
باسی یەکەم: میتۆدی توێژینەوە ........................................ ٢١
باسی دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوە ........................................ ٢١
باسی سێیەم: نموونەی توێژینەوە ........................................ ٢٢
باسی چوارەم : بوارەکانی توێژینەوە ........................................ ٢٢
باسی پێنجەم: ئامرازەکانی توێژینەوە زانیاری ........................................ ٢٢
باسی شەشەم : ئامرازە ئامارییەکان ........................................ ٢٣
باسی یەکەم: خستنەڕووی زانیاریە گشتیەکان ........................................ ٢٥
باسی دووەم: ئەنجامەکان ........................................ ٣٦
پێشنیازەکانی توێژینەوە ........................................ ٣٨
ڕاسپاردەکان ........................................ ٣٨
لیستی سەرچاوەکان ........................................ ٤٠
یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان ........................................ ٤٠
دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان ........................................ ٤٠
سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان ........................................ ٤٢
پاشکۆکان ........................................ ٤٣

## پێشەکی

یارییە ئەلیکترۆنییەکان لەم دواییانەدا ئەوەندە بڵاوبوونەتەوە، کە بووەتە قسەی سەردەم و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش هەوڵدەدەیت وڵاتانی پێشکەوتوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێداویستی کات بەسەربردن دروست دەکەن و تەنها شتێک کە وڵاتان دەبێ بیکەن ئەوەیە کە بە شێوەیەکی تێگەیشتن و گونجاو بەکاری بهێنن،ئەوان بە تایبەتی منداڵان دەکەنە ئامانج، چونکە ئەوان ئەو گروپانەن کە زۆرترین کاریگەری بەرهەمە کولتووری و کات بەسەربردنەکانیان لەسەرە، چونکە لەنێو ئامرازەکاندان کات بەسەربردنی مۆدێرن کە لەم ساڵانەی دواییدا بووەتە جێی بایەخ، لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیای مۆبایلە زیرەکەکان، بەجۆرێک کە، پیشەسازی یارییە ئەلیکترۆنیەکان سەرکەوتوو بووە لە ڕاکێشانی منداڵان لە لایەنی تەکنیکی یارییەکەوە، وەک چۆن منداڵان بوونەتە، ئەوان کاتێکی زۆر درێژ بەسەر دەبەن لە بەکارهێنانی ئەم یاریيانە، بەجۆرێک منداڵانی ئەمڕۆ تووشی کاریگەرییە نەرێنییەکانی .وە نەرێنییەکانی ئەم یاریيانە لەوەدایە کە بوونەتە دیل لە جیهانی مەجازی و خەیاڵ و خۆیان لە واقیعی خێزانی دوور خستووەتەوە، .(یونس،۲۰۰۸،۱۹)

یاری ئەلیکترۆنی خۆی لە هەستکردن بە جۆرێک لە ناچاری بۆ یاریکردن، دابڕانی کۆمەڵایەتی، گۆڕانی باری دەروونی، کەمبوونەوەی خەیاڵ، و زیادەڕەوی لە گرنگیدان بە سەرکەوتن لە یارییەکەدا، بۆ ئەوەی دەستبەرداری چالاکییەکانی دیکەی ژیان بێت. ئالوودەبوون بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان میکانیزمێکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێداویستییە ونبووەکان یان جێبەجێنەکراوەکاندا ئالوودەبوون بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان تەنها بە یاریکردنی زیادەڕۆیی ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت، بەڵکو بە پەیوەندی نێوان یاریکردنی یارییە ئەلیکترۆنییەکان و قەبارە و جۆری نەرێنییەکان لە ژیانی ڕاستەقینەی یاریزانەکەدا. (محمد،۲۰۱۸،۱٦۰).

بەگشتی تەوەری یەکەمی ئەم توێژینەوەیە لەدەروازەی تیۆری لە دوو بەش پێکهاتووە ،بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان کە لە چوارچێوەی تیۆری پێکهاتووە ، کە ڕەهەندەکانی گرنگی و ئامانج و کێشەی توێژینەکە دەخەینەڕوو ، وە بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان لە توێژینەوەکەنای پێشوو ، هەڵسەنگاندی توێژینەکان، لەرووی رەهەندەکانی ، گرنگی و ئامانج،میتۆد،سنوری توێژینەوە و، لایەنی و تیۆری و پراکتیکیدا،خراوەتە روو ، وە لەبەشی سێهەم و چوارەمدا کەوا لە دەروازەی پراکتیکدا کۆدەبێتەوە ، لەبەشێ سێهەمدا کۆمەڵگای توێژینەوە و سامپڵی توێژینەوە ، رواڵەتی و جێگیری ، لەرووی رەگەز و تەمەن ، بواری ئابووری خراوەتە روو ، لەگەڵ شیکردنەوەی داتاو برگەکانی فۆرمی راپرسی،بەشی چوارەمیش لە دەرئەنجام و پێشنیار و راسپاردە پێکهاتووە کە دوپاتکردنەوەیەکە بۆ گرنگی ناوەرۆکی توێژینەوەکە لەپاشان لیستی سەرچاوە و پاشکۆ.

**دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە**

**بەشی یەکەم: ڕەهەندی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکان**

**باسی یەکەم/ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە**

١ـ گرفتی توێژینەوەکە

٢ـ گرنگی توێژینەوەکە

٣ـ ئامانجی توێژینەوەکە

## بەشی یەکەم: ڕەهەندی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکان
## باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە

### ١_ گرفتی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەک بە گرفتێک دەستپێدەکات،واتە دەستنیشانکردنی گرفتی توێژینەوەکە، یەکەم هەنگاوی دەستکردنە بە توێژینەوە یاخود یەکەم بیرکردنەوە لەکێشە، دیاردە، ڕەفتار، یان هەر پرسێکی تری کۆمەڵایەتی کولتوری، تاوەکو بکرێتە بابەتێکی توێژینەوەش بەزۆری لەچەند برگەیەک پێکدێت  کە وەسفی پوختەی جەوهەری زانستی توێژینەوە دەدەنە دەست جیهانی یارییە ئەلیکترۆنەکان بەشێوەیەکی بەربڵاو گەشەی کردوە، زۆربەی وڵاتەکانی جیهانی گرتەوە کۆمەڵگای کوردستانیش بەهۆی ئەم پێشکەوتنانەوە بێ بەش نەبووە لەو شەپۆڵەی کە وەک پرۆسەیەکی بەجیهانیبوون بڵاوبۆتەوە واتا پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوە روونکردنەوەی ئەو ئاکامە کۆمەلایەتییە  یارییەئەلیکترۆنیەکان دەیخەنە سەر زمانی دایک دەخەیتەڕوو.

لەم توێژینەوەدا گرفتی توێژینەوەکەمان یان پرسیارە سەرەکییەکانی توێژێنەوەکەمان بریتیین لە:

١. ئایە یارییە ئەلیکترۆنیەکان کاریگەریان هەیە لەسەر پەیوەندی زمانی دایک ؟

٢. ئایە بەکارهێنانی یارییە ئەلیکترۆنیەکان دەبێتە هۆی دەرخستنی ئاکامە کۆمەڵایەتییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی لەسەر زمانی دایک؟

٣. ئایە تێڕوانینی کۆمەڵگە چۆنە لەسەر یارییە ئەلیکترۆنیەکان بەرامبەر بە ناسنامەی زمانی دایک ؟

### ٢- گرنگی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە ئەم توێژینەوەش لەوە دەردەکەوێ کە دیاردەی بەرچاوی گرینگی کۆمەلگایە،بەتایبەت بەکارهێنانی یارییە ئەلیکترۆنیەکان لای هەندێکی تریان بۆ بەدەستهێنانی داهات فێربوونی زمان.

**گرنگی توێژینەوەکەش خۆی لەدوو لایەندا دەردەخات:**

### ١-  گرنگی تیۆری:

گرینگی ئەم لایەنە خۆی دەبینێتەوە و لەجەختکردن لەسەر شیکردنەوەی تیۆری بۆ بوارەکانی و لایەنەکانی ئەم توێژینەوەیە،ئەمەش بە سوود وەرگرتن یان پشت بەستن بەو سەرچاوانەی کە ئاماژەیان یاخود گرنگیان بە لایەنێک لە لایەنەکانی ئەم بابەتە داوە لێرەدا گرینگی  ئەم بابەتە لەوەدایە

که توێژینەوەیەکی زانستیە سەبارەت بە جەختکردنە لەسەر ئاکامە کۆمەلایەتییەکانی یارییە ئەلێکرۆنییەکان لەسەر زمانی دایک لەکۆمەلگای کوردیدا ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە دەبێتە هۆی کەلەکەبوونی زانیاری لەبواری ئاکامە کۆمەڵایەتیەکان یارییە ئەلیکترۆنیەکان لەسەر زمانی دایک.

## ٢_ گرنگی مەیدانی:

گرنگی ئەم توێژینەوە لەرووی مەیدانییەوە بریتیە لە بەدەستهێنانی زانیاری لە ڕێگەی پرسیارنامە و بە ئاراستەکردنی نموونەی توێژینەوەکەمان لەکۆتایی دەگات بەچەند ئەنجامێک لەم ڕێگەوە دەتوانین لە گرفتی توێژینەوەکەمان تێبگەین خستەرووی چەند ڕاسپاردوە پێشنیارێک بۆ ئەوەی لایەنی فەرمی پەیوەندی دیدار بتوانی سوود لەم پێشنیارانە وەربگرێت.

## ٣-ئامانجەکانی توێژینەوە

١- دەرخستنی ئاکامە کۆمەڵایەتییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەکارهێنانی یارییە ئەلیکترۆنیەکان لەسەر زمانی دایک

٢- تێڕوانینی کۆمەڵگە لەسەر ئەم یارییە ئەلیکترۆنیانە بەرامبەر بە ناسنامەی زمانی دایک

## باسی دووەم/ دیاریکردنی چەمکەکان

### ١- ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان

ئاکامە کۆمەلایەتییەکان ئەو ئاکامانەن کە کۆمەلایەتیین یاخود ڕەهەندێکی کۆمەلایەتیان هەیە (محمد, ٢٠٠٤, ٣٣).

ئاکامە کۆمەلایەتییەکان، کۆمەلێک ئەنجامی کۆمەلایەتییە لەچوارچێوەی دیاریکراو بۆهەر کێشەو دیاردەیەک کە واقع وهەست پێکراو بن(فیریول,2011 , ٤٤).

بە گوزارشتێکیتر بریتیە لەو هەلومەرجەی دوای ڕوودانی ڕوداوێک دروست دەبێت، واتە ئاکام، پاشکۆی ڕوداوێکە کە دەکرێت سروشتی یان کۆمەلایەتی بێت ،ئاکام چەندین جۆری هەیە وەک:( کۆمەلایەتی، سیاسی، ئابووری، دەروونی، کولتوری،) بە شێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی( ,sott, 2014 50).

پیناسەی کارڕایی بۆ ئاکامە کۆمەلایەتیەکان بریتیە لە لەو دەرەنجامانەی کە دوای ڕوودانی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکەوێتەوە کە دەکرێت بەلایەنی ئەرێنی بێ یان نەرێنی بێت.

**٢- يارییە ئەلیکترۆنییەکان:**

(ئەلتەهروری) بەم شێوەیە پێناسەی کردوە جورێکە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن (یارییە ڤیدۆییەکان) یان شاشەی کۆمپیتەر لەیارییەکانی کۆمپیتەر پیشان دەدرێت بە بەکارهێنانی دەست وو چاو چێژ بەتاک دەبەخشێت یان تەحەدایەک بۆ توانا جەستەیەکان ئەمەش لەڕێگەی پەرەپێدانی بەرنامە ئەلیکترۆنیەکانەوە ئەنجام دەدرێن(حمدان،٢٠١٦, ٨).

ئەو یاریانەن کە بەشێوەی ئەلیکترۆنی بەردەستن و بریتین لە یارییەکانی کۆمپیتەر یارییە ئۆنلایینەکان و یارییە ڤیدۆیەکان و یاریی مۆبایل تابلێتی دیجیتاڵی ( salen&zimmerman,2004, 121).

بەگوزارشتێکیتر بریتین لە یارییە ئەلیکترۆنییەکان یان دیجیتاڵییەکان کە کارلێکی یاریزان لەگەڵ ڕووکارێکی بەکارهێنەردا دەگرێتەوە بۆ دروستکردنی فیدباکێکی بینراو بۆ ژینگەیەکی مەجازی. ئەوان کۆمەڵێک ژانر و فۆرماتی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن، ئەزموونی کارلێککارانە بۆ کات بەسەربردن، پەروەردە، یان مەبەستی دیکە دابین دەکەن.( Muriel and Crawford, 2018, 18 ).

پێناسەی کارڕایی بۆ یارییە ئەلیکترۆنیەکان بریتیە لە یارییە ئەلیکترۆنیەکان بە یارییە ڤیدۆیەکان ناسراون ئاماژەن بۆ ئەزموونە کارلێکەرەکانی کات بەسەربردنی دیجیتاڵی کەلەسەر ئامێرەئەلیکرۆنیەکان وەک کۆمپیتەر، مۆبایل زیرەکەکان، یان ئامێری یاریکردنی دەستی یاری دەکەن.

**٣- زمانی دایک**

زمانی دایک ئەو زمانەیە یەکەمجار لە منداڵیەوە فێری دەبێت، تایبەتمەندی ئەم زمانە ئەوەیە پێویستی بەوە نییە یارمەتی منداڵ بدەیت بۆ فێربوونی زمانەکە، ئەو زمانەیە تاک فێری دەبێت هێشتا لە قۆناغی گاگۆڵدایە ئەو زمانەی لە قوتابخانە فێری دەبێت یان لە تەمەنێکی گەورەیدا (سەعید,٢٠١٣, ٧٨)، هەروەها بەدەستهێنانی زمانی دایک منداڵەکە خۆی فێری دەبێت بە پێچەوانەی زمانی دووەمە زمانی کەسێکە لەگەڵ لەدایکبوونی فێری بووە بەباشترین شێوە قسەی پێدەکات زۆر جار بنەمایە بۆ ناسنامەی کۆمەڵایەتی(سورخی،٢٠١٣, ١١).

مەبەست لە زمانی دایک زمانی یەکەمە کە منداڵ لەخێزان کەسە نزیکەکانی وەریدەگرێت وە هەروەها هەر کەسێکی تر کە پەیوەندێ ڕاستەوخۆی لەگەڵی هەیە دەستپێکن لەو وشانە کاتێک دایک هەست دەکات منداڵەکەی شتێکی پێویستە(هودا،٢٠٢٠, ٣٤٨).

پێناسەی کارڕای بۆ زمانی دایک بریتیە لە و زمانەی کە ئاماژەیە بۆ یەکەم جار کە کەسێک لە دایکبونەوە یان لە سەرەتای منداڵیدا فێری دەبێت، بەشێوەیەکێ گشتی لەدایک وباوکی یان چاودێرانی سەرەتایی بۆی دەمێنیتەوە بە زمانی زگماک یان زمانی یەکەم ناسراوە.

## بەشی دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

### یەکەم: توێژینەوە کوردستانییەکان

١- توێژینەوەی (نجم ٢٠١٩) بەناونیشانی (شوێنەوارە کۆمەلایەتییەکانی ئالودەبوونی تاک بەیارییە ئێلێکترۆنییەکان پەبجی بە نموونە).

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتیە لەدەرخستنی هۆکارەکانی توشبوونی تاک بە یاریە ئەلیکترۆنیەکان و ناساندنی دۆخی توشبوانی یاریە ئەلیکترۆنیەکان و شیکردنەوەی پاشهاتەکانی توشبوون، میتۆدی توێژینەوە بریتیە لە ڕووپێوی کۆمەلایەتی، کۆمەلگای توێژینەوە سەنتەری پارێزگای هەولێرە کە (١٠٠) کەس تێدا بەژدار بوون، (٨٧) کور و (١٣) کچ بەژداریان تێدا کردووە. ئامرازی کۆکردنەوەی داتا بریتیی بووە لە فۆڕمی ڕاپرسی.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە بریتیبوون لە:

١- ئالوددەبوون بە یارییە ئەلیکترۆنیەکان هۆکارن بۆ توشبوون بە گرفتە کۆمەلایەتیەکان.

٢- یاریە ئەلیکترۆنیەکان گاریگەری لەسەرئاستی زانستی قوتابیان دەبێت.

### دووەم: توێژینەوەی عەرەبیەکان

١- توێژینەوەی (ئەلهەربی ٢٠٢٠) بەناونیشانی ( The Effectiveness of Using Interactive Technology and Video Games on Developing English as a Foreign Language among Saudi Students in Qassim Region.)

ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتییە لە دەرخستنی کاریگەری یاریە ئەلیکترۆنیەکان لەسەر بەرەوپێش بردنی زمانی ئینگلیزی و کاریگەری یاری لەسەر زمانی ئاخاوتنی گەیمەران(یاریکەر)، میتۆدی توێژینەوە بریتیە لە وەسفی چەندایەتی(Quantitiavie descriptvie) کۆمەلگای توێژینەوە شاری قاسمە لە وڵاتی سعودیا. نمونەی توێژینەوە قوتابیانی شاری قاسمە و وقەبارەی توێژینەوە ٢٢٠ قوتابییە ١٢٠ قوتابی کور و ١٠٠ قوتابی کچە. ئامرازی کۆکردنەوەی داتا فۆرمی راپرسیە.

گرینگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە بریتی بوون لە:

١- یارییە ئەلکترۆنیەکان هۆکارن بۆ فێربونی زمانی ئینگلیزی.

٢- پێویستە زیاتر گرینگی بدرێت بە تەکنیک بۆ سوود وەرگرتن لە یاریە ئەلیکترۆنیەکان بۆفێربوونی زمان.

**سێیەم: توێژینەوەی بیانییەکان**

1-توێژینەوەی (کابراخا,2016) لەسەر (کاریگەرییەکانی یارییە ڤیدیۆییەکان لەسەر توانای وەرگرتنی وشەسازی خوێندکارانی ESLی سویدی ئەنجامدراوە.

ئامانجی توێژینەوە بریتی بووە لە زانینی باگراوندی وشەکاری زمانی ئینگلیزی قوتابیان کە لەئەنجامدانی یاریە ئەلیکترۆنیەکانەوە فێری بوون. میتۆدی توێژینەوە بریتی بووە لە شیکاری چەندایەتی (quantitative analysis)، قوتابیانی قوتابخانەیELSی سویدییە، و ٢٩ قوتابی وەرگیراوە، ئامرازی کۆکردنەوەی داتا بریتی بووە لەفۆرمی ڕاپرسی.

گرنگترین ئنجامەکانی توێژینەوە بریتی بووە لە:

١- ئەو قوتابیانەی یاری ئەلیکترۆنی دەکەن نمرەی بەرزتریان هەبووە لەو قوتابیانەی وتویانە یاری ئەلیکترۆنی ناکەن.

٢- یاری ئەلیکترۆنی هۆکارە بۆ فێربونی زمان.

٣- دەکرێت یاری ئەلیکترۆنی بکرێنە هۆکار بۆ باشتر کردنی وشە زانی زمانی نوێ.

# بەشی سێهەم/ یاریە ئەلیکترۆنیەکان و زمانی دایک

## تەوەری یەکەم : مێژووی یاریە ئەلیکترۆنیەکان

مێژووی یارییە ئەلیکترۆنییەکان مێژوویەکی کۆنی نییە ،بەڵکو مێژوویەکی نوێی هەیە، بێگومان بەهاتنی ئەم جۆرە یارییانە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر ڕەفتار و گوفتاری منداڵ بەجۆرێکی بەرچاو درووست کردووە ، هەندێ جار ئەکرێت بڵێین :ئەم یاریانە بۆ مەبەستی فێربوونی زمان و فێربوونی ژمارە و جیاوازییەکان بەکاردێت ، ئەوەی زۆر گرنگ بێت لێرەدا بەهۆی خراپ بەکارهێنان و زۆر بەکارهێنانی بەکاربەرە ئەلیکترۆنییەکان ،بەجۆرێک ئالودەیی کردوون ،لەزۆربەی ڕەهەندەکانی ژیانی منداڵ و گەنجان و هەندێ جار گەوران کاریگەری نەرێننیان بەشێوەیەکی بەرچاو درووستکردووە ئامانج لەپەروەردە کەڵەکە و پێدانی زۆری کەرەستە و زانیاری نییە، بەڵکو ئامانج لە پەروەردەی درووست لە گرنگیدان و شکۆفەداندا دەردەکەوێت.(سالم،٢٠١١،٤٢)

دەربارەی هۆکارەکانی ئالودەبوون بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان ئالوودەبوون بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان چەندین هۆکاری هەیە وەکو، نەبوونی هۆشیاری درووستی دایک و باوک. خراپی باری ئابووری و نەبوونی هەلی کار. لاوازی پەیوەندی دایک وباوک بوونی کێشە و کێشمەکێشی دایک و باوک. لاوازی و بۆشایی سۆزداری نێوان خودی منداڵ و دایک و باوک. ئاسانی و سادەیی و زۆری ئەو ئامێرانەی کەئەم جۆرە یارییانەی پێ ئەنجام دەدرێت، وەک(مۆبایل و تابلێت وئایپاد و لاپتۆپ و کۆمپیوتەر. بوونی چاولێکەری لەنێوان خودی دایک و باوک و منداڵ، بە منداڵانی هاوتەمەن و هاورێ و هاوسێ و خزم و کەس و کاری. نەمان و سوک تەماشاکردنی یارییە کلاسیکەکانی وەک هەڵماقۆ و پەت پەتێن و تۆپ قاڕێن و چاو شارکێ. پێشەنگ بوونی دایک و باوک لە بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن خودی دایک و باوکانەوە، بووەتە هۆکاری لاسای کردنەوەی منداڵان. بەهۆی زۆر جووڵەی منداڵ، دایک و باوک وەک چەکێک بۆ کپکردنەوە و لە جووڵەخستنی منداڵ، ڕێگە خۆشکەرن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان ناچاربکەن ئامێر و یارییە ئەلیکترۆنییەکان بەکاربهێنن.(سالم،٢٠١١،٤٣).

**باسی یەکەم : باسکردنی یارییەئەلیکترۆنیەکان**

یارییە ئەلیکترۆنیەکان واتە ئەو یارییانەی کە بە بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان کە لە ماڵەوە بەردەستن ئەنجام دەدرێن، وەک بەرنامە جۆراوجۆرەکانی کۆمپیوتەر وەک ئاتاری، سێگا، مایکرۆ و هتد. کە دەتوانرێت لەگەڵ تەلەفزیۆن بەکاربهێنرێت و بۆ زۆربەی خێزانەکان بەردەستە. لە یارییە ئەلیکترۆنییەکاندا دەرفەتی ناسینەوەی ڕەنگ و قەبارە و ڕێژە و خەیاڵ و هتد. ئەنجامێک هەیە کە لە هەموو جۆرە یارییەکەوە چاوەڕوان دەکرێت، بەڵام ئەگەر ئەم جۆرە یارییانە کاتێکی زۆر لە منداڵەکە بگرن، ئەوا دەرفەتی دۆزینەوەی جیهانی ڕاستەقینە لە منداڵەکە دەسەنێتەوە، یاریزانەکەش بە هەڵە هەست بەو شتانە دەکات کە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە هەیە بۆ جیهانی ڕاستەقینە.پەیوەندیدار دەبێت.(همال،٢٠١٩،٩١)

پێویستە خێزانەکان وریا بن لە بەکارهێنانی یارییە کۆمپیوتەرییەکان لەلایەن منداڵەکانیانەوە بۆ ئەوەی ئەم پرۆگرامانە کاتێکی زۆری منداڵەکە وەرنەگرن. هەروەها پێویستە بەلایەنی کەمەوە مەودای سێ مەتر لە نێوان منداڵ و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکەدا ڕابگیرێت و بارودۆخی جەستەیی دروستی تێدابێت، لەوانەش ڕووناکییەکی پێویست لە ژووری یاریکردندا، چونکە ئەگەر گرنگی بەوانەی سەرەوە نەدەیت، ئەوا ماندوێتی دەروونی و بێزاری لە ئەنجامدا دروست دەبێت لە یارییەکەوە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی منداڵ لەگەڵ کەسانی دیکە دەبێت.ئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە. پەیوەندی دروست و تەندروست لە نێوان دایک و باوک و منداڵدا، دوور لە فەرمان و قەدەغەکردن، ڕۆحێکی دڵخۆشکەر لە کەشوهەوای دەروونی خێزاندا دروست دەکات، کە تێیدا منداڵ پێی باشترە لە ژینگەیەکی وادا بمێنێتەوە نەک چاوی لە لاپەڕە وروژێنەرە دووبارەبووەکانی تەلەفزیۆن بێت کە ڕۆڵێکی ئەرینی دەگێڕێت. (ضلع،٢٠١٨،٧٣)

بۆیە پێویستە خێزانەکان بە پەرۆش بن لە پەرەپێدانی کەسایەتی منداڵ و خۆبەگەورەزانین و ڕێزگرتن و سەربەخۆیی و تاکایەتی بۆ ئەوەی منداڵ هەستە بنیاتنەرەکانی بوون لە گروپێکدا نەکاتە قوربانی بۆ خوو نەخوازراوەکانی جیابوونەوە.دوو گەورەترین کۆمپانیاکانی جیهان بۆ بەرهەمهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، هەردوو کۆمپانیای (مایکرۆسۆفت و سۆنی)ن، سۆنی خاوەنی ئامێری پلەیستەیشنە و لە ساڵی ١٩٩٤ بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خۆیدا دەستی بە دبەرهەمهێنانی ئامێری یاریی ئەلیکترۆنی کرد دوو ساڵ دوای بڵاوکردنەوەی پلەیستەیشن، کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ئامێری یاریی ئەلیکترۆنیی ئێکسبۆکسی بەرهەم هێنا و لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، بەدوای ئەودا لە ساڵی ٢٠٠٠ کۆمپانیای سۆنی (پلەیستەیشن ٢)ی بەرهەم هێنا،

هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٥ ئێکسبۆکس ٣٦٠ لەلایەن مایکرۆسۆفت بڵاو کرایەوە ئنجا سۆنیی یابانی، لە ساڵی ٢٠٠٦دا (پلەیستەیشن ٣)ی بڵاو کردەوە و بەرلەوەش لە ساڵی ٢٠١٣ مایکرۆسۆفتی ئەمەریکی (ئێکسبۆکس وەن)ی بەرهەم هێنا، لە هەمان ساڵدا (پلەیستەیشن ٤) بڵاو کرایەوە، کە لە ٢٤ سەعاتی یەکەمدا توانی یەک ملیۆنی لێ بفرۆشێت ، هەر لەگەڵ کەوتنە بازاڕی ئەو بەرهەمانە لە بازاڕەکانی جیهاندا، بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، هەمان ئەو بەرهەمانە کەوتنە بازاڕەکانی کوردستانەوە و تا ئێستاش ئەم پرۆسەیە بەردەوامە، بۆیە رۆژ بەڕۆژ ژمارەی گەیمەرەکان لە کوردستانیش زیاد دەکەن.(فتحی،٢٠١٨،٩٣)

یارییە ئەلکترۆنییەکان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشبوون بەشێکیان لە ڕێگای مۆبایلەوە ئەنجام دەدرێت، بەشێکی دیکەیان بە کۆمپیوتەر ئەنجام دەدرێت، بەشێکی دیکەشیان لە ڕێگای ئامێری تایبەت ئەنجام دەدرێت وەک Xbox , ps4 کە بە پلەی چوار ناسراوە.

**باسی دووەم : لایەنی ئەرێنی و نەرێنی بەکارهێنانی یاری ئەلیکترۆنی**

**لایەنی ئەرێنی بەکارهێنانی یاری ئەلیکترۆنی**

چۆن ئەم یارییانە سەرکەوتوو دەبن؟ ئایا یاریی ئەلیکترۆنی هیچ سوودێکی هەیە بۆ بەکارهێنەرانی؟ ئەمە دوو پرسیاری گرنگن، کە دەکرێ بە سوودوەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەکی زانستیی باوەڕپێکراو، وەڵاممان دەست کەوێت سەرکەوتنی یاریی ئەلیکترۆنی بە جێبەجێکردنی ویست و خواستی بەکارهێنەرانی (گەیمەرەکان)ی و ئەو گۆڕانکارییانەی کە ماوە ماوە لە یارییەکەدا دروستی دەکەن، هەروەها خودی یارییەکە کاریگەریی زۆری لەسەر گەیمەر هەیە هەمیشە گوتراوە، یاریی ئەلیکترۆنی سوودی نییە و تەنیا کات کوشتنە، بەڵام لە راستیدا دەکرێ بڵێین یاریی ئەلیکترۆنی سوودیشی هەیە، ئەمەش چەند خاڵێکە باس لە سوودەکانی دەکات:(کبیسی،٢٠١٨،٤٦)

**١ –شارەزابوون لە مێژوو**

زۆر لە یارییە ئەلیکترۆنییەکان کەسایەتی و چیرۆکی مێژوویی بەکار دێنن، بۆ ئەوەی گەیمەرەکان زیاتر تام و چێژی لێ ببینن، لەگەڵ ئەو تام و چێژەشدا، مێژووەکەش وەردەگرێت زۆر لەو یارییە ئەلیکترۆنییانە، لە چەند وڵات و شار و ناوچەیەکی دیار و ناودار ئەنجام دەدرێن، واتە ئەو لۆکەیشن و رووبەر و جوگرافیایەی لە یارییەکەدا هەیە، هەمان ئەو شوێنە لە راستیدا هەیە، بۆیە بەکارهێنەر شارەزاییەکی باش لە جوگرافیا و تەنانەت کەشوهەوای زۆر شوێنیش پەیدا دەکات.

### ٢- پەیوەندیی کۆمەڵایەتی

بەهۆی بوونی یاریی ئۆنلاین و توانای پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانێکی زۆر لێتەوە دوور، ناسینی کەسانی نوێ و قسەکردن لەگەڵیان، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هاوکاریت دەکات، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرتدا بکەیت، هەروەها زمان و وشەی نوێ فێر دەبیت. بەڵام دەبێ منداڵان و هەرزەکاران، ئاگاداری ئەوە بن، خەڵکانی خراپ و ئەندامانی تۆڕی مافیایی و تیرۆریست، لەو ڕێگەیەوە پەیوەندییان لەگەڵ دروست نەکەن، گرنگە جاربەجار دایک و باوک لەبارەی ئەو کەسانەوە بپرسن لە منداڵەکانیان کە بە ئۆنلاین یاریی ئەلیکترۆنییان لەگەڵ دەکەن. (نعیمی،٢٠٢٠،١٥٤)

### ٣- سەرنج و سەلیقە خێراتر و وردتر دەکات

بەپێی قسەی ئەو پسپۆڕانەی کاریان لەسەر خێرایی وەڵامدانەوەی مرۆڤ بۆ پرسیار و خوێندنەوەی وێنەکان کردووە، ئەو کەسانەی گەیمەرن واتە بەکارهێنەری لێهاتووی یارییە ئەلیکترۆنییەکانن، سەرنج و سەلیقەیان خێراترە لە کەسانی ئاسایی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرنجەی کە بەردەوام یاریزانەکە دەیدات لە یارییەکە.

### ٤-دڵەڕاوکێ کەم دەکات

ئەو کاتەی تۆ یاریی ئەلیکترۆنی دەکەیت و خۆتی پێوە سەرقاڵ دەکەیت، دووری لە کیشە و گرفتەکانی ژیان، مێشکت دوور دەخاتەوە لەو شتانەی کە تووشی سترێست دەکات.(نعیمی،٢٠٢٠،١٥٧)

## لایەنی نەرێنی  بەکارهێنانی یاری ئەلیکترۆنی

کاریگەرییە نەرێنییەکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان گۆشەگیری و لاوازی یان نەمانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. تووڕەیی بەهۆی ئەوەی زۆرینەی یارییە ئەلیکترۆنییەکان توندوتیژی تێدایە بۆیە ئەم حاڵەتە دەگوازرێتەوە بۆ بەکارهێنەر لەڕێگەی پرۆسەی کارلێک و کارتێکردنی لەڕووەکانی کوشتن و ئازار و دەنگی بەرزوناسروشتی و جوێن و وێرانی. تێکەڵ بوونی دوونیایی واقع بە دوونیای فەنتازی وخەیاڵ. پەک خستن وتەمبەڵ کردنی پروسەی خوێندن، چونکە منداڵ هێندە چێژ لە یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەبینێت نیو هێندە حەزی بۆدەرس و کۆشش کردن نابێت. نەخەوتن، کاریگەری لەسەر هۆرمۆنی دۆپامین دەبێت کە دۆپامین لە سێ بەشی یەکەمی شەو دەرژێت، کاریگەر دەبێت بۆگەشەی مێشک و جەستە. قەڵەوی بەهۆی نەمان ولاوازی جوڵە و مانەوە لەماڵدا منداڵ گرفتی کێش زیادی بۆدرووست دەبێت. تێکچوونی سیستەمی خواردن بەهۆی درەنگ خەوتنەوە منداڵ درەنگ دەخەوێت، بۆیەک وەک قەرەبویەک بۆماوەی ئەو خەوە، درەنگ بێدار دەبێت، بەو هۆیە ژەمی خواردنی بەیانی کەژمێکی سەرەکییە لەدەست دەچێت. زیانی جەستەی لاوازی چاو و ئازاری مل و خێرایی لێدانەکانی دڵ. خەمۆکی

بەهۆی زۆر مانەوە و زۆر بەکارهێنانی ئەم یارییانە خەم و پەژارەیی و دڵەڕاوکێ و بێ تاقەتی و دڵ تەنگی ڕوودەکاتە منداڵ یان گەنجی بەکاربەر.(فتحی،٢٠١٨،٦١).

نەمانی تەرکیز بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ئەم یارییانە منداڵ ئاگایی لەچواردەوری خۆی نامێنێت. گەشەی مێشک لاوازدەکات لەبەرئەوەی گەشەی منداڵ بەخێرایی تێ دەپەڕێت بۆیە ئامۆژگاری دەکرێت بەهیچ جۆرێک منداڵانی خوارتەمەنی ٢ ساڵ نابێت بەهیچ جۆرێک سەیری هیچ جۆرە شاشەیەک بکەن  چارەسەرییەکان وەکو، سنوردارکردن و کۆنترۆڵکردنی ئای پی ماڵ یان مۆبایل. چاودێری کردن و تابزانرێت منداڵ بەچ یارییەکەوە سەرقاڵە. نەدانی هەل و چێژی ئەو یارییانە، سەرقاڵکردنیان بەشتی بەسودی دیکە. پرسیاری لێ بکە لەناوەڕۆکی یارییەکە. هەوڵ بدرێت یاری دەستی پێچەوانەی شاشەکان بکرێت بۆیان. هاندان و پاداشت لەبەرامبەر کردنی یاری تر، تا یارییە ئەلیکترۆنییەکان دوور بکەوێتەوە. بەشداری پێ کردن بە کاری تر کە گونجاوبێت لەگەڵ تەمەنی و گەشتکردن و بردنیان بۆ شاری یاری و پارک و جێگا وەرزشییەکان. . (فتحی،٢٠١٨،٦٣)

بۆمنداڵ ڕوون بکرێتەوە کە ئینتەرنێت تەنیا بۆ یاری کردن نییە، بەڵکو بۆگواستنەوەی زانیاری و ئاسانکردنی پەیوەندییەکانە. فێربکرێت یاری دەبێت لەگەڵ منداڵ بگونجێت نەک مۆدە. منداڵ نابێت حەزی لەهەرچی بوو ئێمەی دایک و باوک بۆیان جێبەجێ بکەین، بەڵکو فەلسەفەی ژیانی خێزان لە پەروەردەیە نەک تەنیا بەخێوکردن. پتەوکردنی و بەهێزی خۆشەویستی دایک و باوک. ببە بە هاوڕێی منداڵەکەت، گرنگی و هاوبەشیان پێ بکەن، تا بۆشایی سۆزداریان بۆ درووست نەبێت لەو ڕێگایەوە وەک جێگرەوەیەک یارییە ئەلیکترۆنییەکان هەڵبژێرێت. هانبدرێن لەگەڵ منداڵانی تر تێکەڵ بکرێن، تا بۆشایی حەز بۆ ئەو جۆرە یاریانە درووست نەبێت.( أبو لبدة،١٩٨٢،٣١)،بەگشتی لایەنە نەرێنیەکان بیتین لە :-

١ -تەندروستی تێک دەدات

بە تایبەتی بۆ منداڵان، منداڵ تووشی خەمۆکی و دابڕان و گۆشەگیری دەکات، هەروەها زۆر دانیشتن لەبەردەم تی ڤی و یاریکردن بە دانیشتنەوە دەبێتە هۆی قەڵەوی بێگوکان قەڵەویش هەموان دەزانین چەند نەخۆشیی بەدواوەیە، ئەمە جیا لەوەی لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا تووشی ئازاری پشتی دەکات و زیانێکی زۆریش لە چاوی منداڵ دەدات.

٢ -زیانی دارایی

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، نرخی یارییەکان و هەروەها سیدی و کارتەکانی ئۆنلاینی بەرز دەبنەوە و زیانی بۆ دارایی خێزان هەیە.

٣ -فێربوونی ڕەفتاری نەشیاو

زۆر لەو یارییانەی کە منداڵان دەیکەن، بۆ تەمەنی ئەوان نابن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکە هەندێک کردەوە و قسەی نەشیاو لەو یارییە فێر بێت.

٤ -دوورکەوتنەوە لە بەهرەو و ئارەزوو

یارییە ئەلیکترۆنییەکان منداڵان لە ئارەزوو و بەهرەکانیان دوور دەخاتەوە، منداڵان کە زۆر سەرقاڵی یاریی ئەلیکترۆنی دەبن، سەرنجیان لەسەر ئارەزوو و بەهرەکانیان نامێنێت، بۆ نموونە منداڵی هونەرمەند و وەرزشوان و نووسەر و خوێنەری کتێب، لەو ئارەزووانەیان دوور دەکەونەوە.( حکیم،٢٠٢٠،٥٣)

٥ -لێکدابڕاندنی خێزان

زۆر جار دایک و باوک منداڵەکانیان بۆ چەندین سەعات لە ژوورێکدا بەجێ دەهێڵن و منداڵەکەش خەریکی یاریی ئەلیکترۆنییە، ڕەنگە لەو کاتانەدا دایک و باوک لە هەندێ داواکاریی منداڵەکانیان ڕزگاریان ببێت و دایک و باوک بە ئارامی و ئاسوودەیی کاروبارەکانی خۆیان رایی بکەن یان ئەوانیش سەرقاڵی پەیوەندیی تەلەفۆنی و تەماشاکردنی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەلایەتییەکان بن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم حاڵەتە کە زۆری خایاند، دایک و باوک لە منداڵ دوور دەخاتەوە و ئەو دوورکەوتنەوەیەش سەدان گرفت بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە ڕەنگە لە داهاتوودا دایک و باوک بۆیان چارەسەر نەکرێت.(محمد،٢٠١٠،٢٦)

**کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان.**

١.گۆشەگیری و لاوازی یان نەمانی پەیوەندی کۆمەلایەتی

٢.تووڕەیی بەهۆی ئەوەی زۆرینەی یارییە ئەلیکترۆنی یەکان توندوتیژی تێدایە بۆیە ئەم حاڵەتە دەگوازرێتەوە بۆ بەکارهێنەر لەڕێگەی پرۆسەی کارلێک و کارتێکردنی لەڕووەکانی (کوشتن - ئازار- دەنگی بەرزوناسروشتی - جوێن )

٣.تێکەڵ بوونی دوونیایی واقع بە دوونیای فەنتازی وخەیاڵ

٤.پەک خستن وتەمبەڵ کردنی پروسەی خوێندن ،چونکە منداڵ هێندە چێژ لە یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەبینێت نیو هێندە حەزی بۆدەرس و کۆشش کردن نابێت.

٥.نەخەوتن ،کاریگەری لەسەر هۆرمۆنی دۆپامین دەبێت کە دۆپامین لە سێ بەشی یەکەمی شەو دەرژێت ،کاریگەر دەبێت بۆگەشەی مێشک و جەستە.

٦.قەڵەوی ،بەهۆی نەمان ولاوازی جوڵە و مانەوە لەماڵدا منداڵ گرفتی کێش زیادی بۆدرووست دەبێت. (محمد،٢٠١٠،٢٧)

٧.تێکچوونی سیستەمی خواردن بەهۆی درەنگ خەوتنەوە منداڵ درەنگ دەخەوێت ،بۆیەک وەک قەرەبویەک بۆماوەی ئەو خەوە ،درەنگ بێدار دەبێت ،بەوهۆیە ژەمی خواردنی بەیانی کەژمێکی سەرەکی یە لەدەست دەچێت.
٨.زیانی جەستەی (لاوازی چاو - ئازاری مل و خێرایی لێدانەکانی دڵ ).
٩.خەمۆکی ،بەهۆی زۆر مانەوە و زۆر بەکارهێنانی ئەم یارییانە خەم و پەژارەیی و دڵەڕاوکێ و بێ تاقەتی و دڵ تەنگی ڕوودەکاتە منداڵ یان گەنجی بەکاربەر.
١٠.نەمانی تەرکیز ،بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ئەم یارییانە منداڵ ئاگایی لەچواردەوری خۆی نامێنێت.
١١.گەشەی مێشک لاوازدەکات ،لەبەرئەوەی گەشەی منداڵ بەخێرایی تێ دەپەڕێت ،بۆیە ئامۆژگاری دەکرێت ،بەهیچ جۆرێک منداڵانی خوارتەمەنی ٢ساڵ نابێت بەهیچ جۆرێک سەیری هیچ جۆرە شاشەیەک بکەن.
١٢.گەشەی زمان دوا دەخات ،توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کەبەشێک لە دواکەوتنی زمان و قسەکردن هۆکارێکی سەرەکی یارییە ئەلیکترۆنی یەکانە.
١٣.باوەڕ بەخۆبوونی منداڵ لاواز دەکات و توانای پشت بەخۆبەستن کەم دەکاتەوە ،منداڵێکی شەرمن ولاواز دەرووست دەکات.
١٤–لەئایندە دا کەسی ئالودە بەیارییە ئەلیکترۆنی یەکان ناتوانێت هیچ کارێکبکات(حسن،٢٠١٩،٤٩)

## تەوەری دووەم : باسکردنی زمانی دایک

زمانی یەکەم یان زمانی دایکی یەکەم زمانە کە منداڵ پێش تەمەنی باڵغبوون فێری قسەکردن دەبێت یان فێری دەبێت. هەروەها دەکرێ بڵێین ئەو زمانەی کە مرۆڤ توانای بیرکردنەوە و قسەکردنی تێدا هەیە وەک قسەکەرانی دیکەی ئەو زمانە پێی دەوترێت زمانی دایک. زمانی یەکەم جگە لە زمانی زگماکی زمانی کەسێکە کە بەزۆری هەر لە منداڵییەوە فێری بووە و بە باشترین شێوە قسەی پێدەکات و زۆرجار هاوواتای کۆمەڵناسی زمانە دایک زمان زاراوەیەکە و بەپێویستی دەزانێت بە مانای زمان بێت، ئەوە نییە کە دایکی مرۆڤ قسەی لەگەڵ دەکات. لە هەندێک وڵاتدا دەستەواژەی زمانی دایک ئاماژەیە بۆ زمانی نەتەوەیی کەسێک نەک زمانی یەکەمی. بە پێچەوانەی زمانی یەکەم، زمانی دووەم ئەو زمانەیە کە هەر مرۆڤێک جیاواز لە زمانی یەکەمی خۆی قسەی پێدەکات.(الذهلی،٢٠٠٨،١٩)

لە ڕووی دەمارەوە زمانی یەکەم جێگەیەکی جیاواز لە قوڵۆنی مێشکدا داگیر دەکات بە بەراورد بەو زمانانەی کە مرۆڤ دواتر لە تەمەنی گەورەییدا فێری دەبێت، بە جۆرێک لە زۆر حاڵەتدا، زیانێکی سنووردار لە مێشکدا ڕەنگە ببێتە هۆی تێکچوونی توند لە یەکێک لەم دوو زمانەدا (یەکەم و دووەم) زیانگەیاندن بە ناوچەی زمانی دووەم زیاترە و بەزۆری کەسەکە سەرەتا تواناکانی زمانی

دووەم لەدەست دەدات، لەکاتێکدا هێشتا دەتوانێت بە زمانی یەکەم قسە بکات،ئەگەر منداڵ لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا زیاتر لە زمانێک فێربوو، ئەوا ئەو ناوچەیەی مێشکی پەیوەست بە هەموو ئەو زمانانە هاوشـــێوەی ناوچەی زمانی یەکەمە و هیچیان لە ڕووی زانســـتییەوە ناتوانرێت وەک زمانی دووەمی خۆی هەژمار بکرێت.. (الذهلی،٢٠٠٨،٢٠)

## باسی یەکەم : کاریگەری زمانی دایک لەسەر یاریە ئەلکترۆنیەکان و مامەڵکردنی.

ئەمڕۆ دەستەواژەی جیهانگیری کە چەندین هەست و سۆزی ئەرێنی و نەرێنی وروژاندووە، لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا دەردەکەوێت. ئەوانەی جیهانگیری شەرمەزار دەکەن، قووڵبوونەوەی بۆشایی نێوان مرۆڤەکان و وڵاتانی دەوڵەمەند و هەژار بە دەرئەنجامێکی بەرچاوی جیهانگیری دەبینن. لە لایەکی ترەوە هەندێک کەس پێشوازی لێدەکەن چونکە دامەزراندنی بازاڕە جیهانییەکان بازرگانی گشتگیر زیاد دەکات.( بطیشە،٢٠١٩،٤١)

یەکێک لە ڕەهەندەکانی جیهانگیری کە لە ڕوانگەی پسپۆڕانی پەروەردەوە گرنگە، زیادبوونی کۆچبەرییە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر. زۆر هۆکار دەبنە هۆی جووڵەی مرۆڤەکان: گەیشتن بە بارودۆخی ئابووری باشتر، پێویستی کار لەو وڵاتانەی کە ڕێژەی لەدایکبوونیان کەمترە، ململانێ و سەرکوتکردنی گروپی، یان کارەساتی ناوخۆیی. هە ڕوە ها یە کگرتنە وە ی یە کێتی ئە ورووپا، لە ڕوانگە ی ئابوورییە وە ، بووە تە هۆی جووڵە ی ئاسانی کرێکاران و بنە ماڵە کانیان لە نێوان وڵاتانی ئە ندامدا. وە ئەو ڕاستییەی کە گەشتە خێراکانی ئەمڕۆی نێوان وڵاتان وایکردووە کە گواستنەوەی خەڵکی ئاسانتر بێت فرەچەشنی زمانی، کولتووری، ئایینی و "ڕەگەزی" یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی ئاوارەبوونی دانیشتووان. بۆ نموونە لە شاری تۆرۆنتۆی پایتەختی کەنەدا، ٥٨%ی منداڵانی باخچەی ساوایان لەو وڵاتانەوە دێن کە زمانی یەکەمیان ئینگلیزی نییە. قوتابخانەکانی ئەوروپا و ئەمریکای باکوور ساڵانێکە بە شێوەیەکی مشتومڕاوی ڕووبەڕووی ئەم جۆرە نایەکسانییە بوونەتەوە و ئێستاش هەروا. ڕێوشوێنە پەروەردەیی و کردارییەکان لە نێوان وڵاتان و تەنانەت لە ناو وڵاتاندا جیاوازییەکی زۆریان هەیە. گروپە نیوفاشیستەکان لە هەندێک وڵاتدا بە ئاشکرا و بێباکانە پشتگیری لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە دەکەن سەبارەت بە کۆچبەران و کەمینەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکان. پارت و گرووپە سیاسییەکانی دیکە تا ڕادەیەک هەڵوێستی ڕۆشنگەرانەیان گرتۆتەبەر و بەدوای دۆزینەوەی ڕێگایەکدان بۆ "چارەسەرکردنی کێشەی" کەمینە جۆراوجۆرەکان و تێکەڵکردنیان بە قوتابخانە و کۆمەڵگا. سەرەڕای ئەمەش، ئەوان ئاماژە بە بوونی کەمینە جیاوازەکان دەکەن وەک "کێشە" و پێیان وایە کە دەرئەنجامێکی کەمی ئەرێنی بۆ وڵاتی میواندار دەهێنن. ئەوان نیگەرانن لەوەی فرەچەشنی زمان، کولتوور، "ڕەگەز" و ئایین ببێتە مەترسی لەسەر ناسنامەی وڵاتی میواندار، بۆیە پشتگیری لە ڕێوشوێنی پەروەردەیی کاریگەر دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.( الزیود،١٩٩٨،٢٣).

لە کاتێکدا گروپە نیوفاشیستەکان پشتیوانی دەرکردنی کۆچبەران یان پەراوێزخستنیان لە ڕەوتی سەرەکی کۆمەڵگا دەکەن (بۆ نموونە جیاکردنەوەی قوتابخانە و ناوچەی نیشتەجێبوون)، بەڵام زۆرێک لە گروپە لیبراڵەکان لەگەڵ قبوڵکردنیاندان بۆ ناو دڵی کۆمەڵگا. ڕاستە "قبووڵکردن"ی کۆچبەران و "بێبەشکردنیان" لە زۆر ڕووەوە لەیەک دەچن، بەڵام هەردووکیان بۆ چارەسەرکردنی "کێشەکە" داڕێژراون. لە هەردوو ئەم سیاسەتەدا گروپە کولتوورییە جیاوازەکان پشتگوێ دەخرێن. شێوازەکانی ڕاکێشانی کۆچبەران، خوێندکاران لە پاراستنی زمانی دایکی بێهیوا دەکەن. وە ئەگەر زمان و کولتووری خۆیان بپارێزن، ئەوا کەمتر لە کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی سەرەکیدا هەڵدەمژن هەرچەندە خوێندکاران لە قوتابخانەدا بەهۆی قسەکردن بە زمانی دایکییەوە سزای جەستەیی نادرێن (لە زۆرێک لە وڵاتان لە ڕابردوودا ئەمە وابووە)، بەڵام ئەم پەیامە بەهێزە لە ناویاندا دەچێنرێت کە بۆ ئەوەی لەلایەن کۆمەڵگە و مامۆستایانەوە قبوڵ بکرێن، پێویستە خۆیان لە هەر تەسلیمبوونێک بەدوور بگرن بۆ کولتوور و زمان پشتگوێیان بخەن.(الاغا،٢٠٠٣،٨٤)

زمانی دایکی منداڵانی دوو زمانە ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت لە گەشەکردنی کەسایەتی و پەروەردەکردنیاندا. وردەکاری زیاتر سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیەن: دوو زمانەوانی کاریگەری ئەرێنی لەسەر پرۆسەی زمانەوانی و گەشەی ئەکادیمی قوتابیان هەیە. کاتێک خوێندکاران تواناکانیان بە دوو زمان یان زیاتر لە قوتابخانەی سەرەتاییدا پەرەپێدەدەن، تێگەیشتنێکی قووڵتر لە زمانەکە و چۆنیەتی بەکارهێنانی کاریگەرانە بەدەستدەهێنن. ئەگەر زیاتر لە پرۆسەی فێربوونی هەردوو زمانەکەدا لە یەک کاتدا پراکتیزە بکەن، بە تایبەت کاتێک ئاستی خوێندەواری لە هەردوو حاڵەتەکەدا پەرەپێبدەن، لە ڕاستیدا دەتوانن هەردوو زمانەکە ڕێکبخەن و بەراوردیان بکەن. زیاتر لە ١٥٠ لێکۆڵینەوە کە لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوودا ئەنجامدراون، ئەو شتە پشتڕاست دەکەنەوە کە فەیلەسوفی ئەڵمانی، گۆتێ، باسی کردووە: کەسێک کە تەنها یەک زمان بزانێت، لە ڕاستیدا ئاشنای ئەو زمانە نییە. هەروەها لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە خوێندکارانی دوو زمانە نەرمی زیاتر لە پرۆسێسکردنی زانیارییەکان لە ڕێگەی زمانە جیاوازەکانەوە نیشان دەدەن.( زغلول،٢٠١٧،٣٧)

ڕێژەی گەشەی زمانی دایک بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆی گەشەکردنی زمانی دووەمیان. ئەو خوێندکارانەی کە بە بناغەیەکی پتەو بە زمانی دایکی دەچنە قوتابخانە، توانای زیاتر لە فێربوونی خولی زمانی قوتابخانەدا نیشان دەدەن. دایک و باوک و سەرپەرشتیاری منداڵ (بۆ نموونە باپیر و باپیرە) کات بەسەر دەبەن لەگەڵ منداڵان، چیرۆک دەگێڕنەوە یان باس لە بابەتگەلێکی جۆراوجۆر لەگەڵیان دەکەن، لە ئەنجامدا وشەسازی و چەمکەکانی زمانی دایکی منداڵ بەهێزتر دەبن و کاتێک بە تەواوی ئامادە دەبن بۆ فێربوونی چرکەیەک زمان.دەچنە ناو قوتابخانە، لە ڕووی پەروەردەییەوە سەرکەوتووترن. زانیاری و تواناکانیان لەو زمانی دایکی کە لە ماڵەوە فێری بوون دەگوازرێتەوە بۆ

ئەو زمانەی کە لە قوتابخانە فێری دەبن. لە ڕوانگەی گەشەسەندنیان لە چەمک و لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەدا، هەردوو زمانەکە بۆ یەکتر پێویست و پێویستن. گواستنەوەی زمان بە دوو شێوە دەتوانرێت ئەنجام بدرێت: زمانی دایک لە قوتابخانە پاڵپشتی دەکرێت (بۆ نموونە لە پرۆگرامی پەروەردەی دوو زمانەدا)، ئەو چەمک و زمان و لێهاتووییانەی فێربوون کە منداڵان لە زمانی زۆرینە فێری بوون دەگوازرێنەوە بۆ زمانیماڵەوە. لە ئەنجامدا کاتێک ژینگەی پەروەردەیی ڕێگە بە منداڵان دەدات دەستیان بە هەردوو زمانەکە بگات، ئەو دوو زمانە پشتگیری یەکتر دەکەن.(زهرانی،٢٠٢١،٦٠)

زمانی دایک ئەو زمانەیە کە لە دایک و باوک و خزمەکانمانەوە فێری دەبین. منداڵ، بەتێپەڕبوونی کات و گوێ گرتنی بەردەوام، فێری زمانی دایک دەبێ و دەست بە وتنەوەی دەکات. وردە وردە بە ڕستەی کورت دەست بە قسە کردن دەکات.لە ماوەیەکی کورتدا فێر دەبێ بە زمانی دایک هەست و ئارەزوویەکانی بە کەسانی دەورووبەر بگیەنێت. بە زمانی دایک پەیوەندی درووست دەکات، بەم زمانەوە کایە دەکات، پێدەکەنێ، دەگری، گفتگۆ و ڕاوێژ دەکات. تەنیا و تەنیا بە زمانی دایک دەتوانێ دنیای دەورووبەری خۆی بناسێ و باسی بکات بە قسە کردن بە زمانی دایک لە گۆشەگیری و تەنیای خۆی دەرباز دەبێ و پەیوەندی بە گرووپەوە دەکات و بە مێهرەبانی، متمانە و ئاسایشێک کە زمانی دایکی پێی بەخشیوە ژیان دەکات گرینگی زمانی دایک زمان بەهێزترین ئامرازی پاراستن و پەرەپێدانی میراتی ماددی و مەعنەوی مرۆڤ پێناسە دەکرێ. پاراستن و گەشە پێدان و کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایک و فێرکردن بە منداڵان و نەوەکانی داهاتوو، گەشەی فەرهەنگی نەتەوە و جیهان مسۆگەر دەکات، کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایک لە سیستیمی پەروەردەی گشتی و ناوچەییدا بۆ پاراستن و مانەوە و پەرەپێدانی زمانی دایک وەک خاڵێکی زۆر گرینگ سەیر دەکرێ.(صقر٢٠١٩،٣٤٧)

**باسی دووەم : لێکەوتەکانی یاری ئەلیکترۆنی لەسەر زمانی دایک**

یارییە ئەلیکترۆنیەکان دەبێتە هۆی تێکچوون لە ئاستی مێشکدا، ئەمەش وا دەکات منداڵەکان تێبگەن لە پەیوەندییە ناداگیرکەرەکان، چونکە ئەو منداڵانەی کە کارلێک لەگەڵ کەسانی دیکەدا ناکەن زیاتر سیگناڵەکان لەدەست دەدەن، هەروەها نیشانەکانی ADHD لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە منداڵەکان قورس بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان، وەک منداڵ کەمی گرنگیدان بە تەرکیز و کۆنترۆڵکردنی جولەکانی و ڕەفتارەکانی، واتە کێشەی گەڕانەوەی هەیە، بڕینی وەڵامەکان، یان ڕاگرتنی منداڵەکە یەکسەر شتەکانی دەوێت، دەرفەت بە کەسانی دیکە نادات بۆ قسەکردن، و دەیدات بە ئاسانی لە ئەرکەکاندا تەنانەت لە چالاکییەکانی گروپیشدا هەندێک لە پسپۆڕان ئاماژە بەوە دەکەن کە یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی لە منداڵدا و بێتوانایی لە مامەڵەکردنی باش لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە ئەنجامی گۆڕینی ڕەفتاری منداڵەکە بۆ لایەنی خراپ. خۆشەویستی خۆی بەدەست دەهێنێت و ڕەفتاری شەڕانگێزی زیاد دەکات و ڕەنگە پاڵ بە دزییەوە بنێت بۆ مەبەستی خۆپەرستانە.(فرج،١٩٩٧،٢١)

لەسەر ئەم یارییانە و نوێبوونەوەیان لە بازاڕەکانەوە یان بۆ کڕینی ئەو ئامێرانەی کە بتوانێت ئەو یارییانە لەسەری بکات، بەو پێیەی گیرۆدەی بوون بۆی، هەروەها لەبەر ئەوەی هەندێک لە دایک و باوکان منداڵەکانیان بە یاری ئەلیکترۆنی بەجێدەهێڵن، کە سەلامەت نین ، بەڵکو چییان هەیە نازانن ئەوەیە کە هەمان مەترسی و کاریگەری ئەم سایتانە هەڵدەگرن، بۆیە پێویستە بابەتەکە بەدواداچوونی بەردەوامە لەلایەن سەرپەرشتیارانەوە، و ئەمەش دەبێتە هۆی کەموکوڕی چونکە منداڵەکە لەو تەمەنەدا نابێت لەو بابەتانە ئاگادار بکرێتەوە کە... لە دەرەوەی ئەو تەمەنەن کە تێیدایە، و دەتوانیت ناوی بنێیت نەخۆشی تەمەن.بۆیە نابێت منداڵ بە تەنیا جێبهێڵرێت و کاربکات بۆ ڕێنماییکردنی لە دوورەوە و ناڕاستەوخۆ. کە ڕێگری دەکات لەوەی مامەڵەیەکی باش لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا بکات، سەرەڕای بوونی چەندین یاری بۆ ئەم تەمەنە، زۆربەی منداڵان لە کۆتاییدا خۆیان لە ژوورەکانی خۆیاندا قووتیان دەدەن، ئەمەش بە توندی سنووردارکردنی لێهاتوویی کەسییەکانیان لە ژیانی ڕاستەقینەدا، و ڕەنگە پێیان باشتر بێت تەنیا بن و لە کارلێکی دیجیتاڵیدا، ئەم منداڵانە شکست دەهێنن لە دەستپێکردنی گفتوگۆ، هەست بە بێزاری و لە شوێنی خۆیان دەرچوون لە کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان و لە ئەنجامدا، ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشی خۆگونجاندن، خەمۆکی، دڵەڕاوکێ و فشار لە ژیانی پیشەیی و هەروەها کەسی خۆیاندا زیاد دەکات.( القحطاني،٢٠١٦،٢٩).

هەروەها، نەبوونی مامەڵەی باشی منداڵ هەندێک جار دەگەڕێتەوە بۆ بەرکەوتنی بەها هەڵەکان لەڕێگەی ئەوەی لە یارییە ئەلیکترۆنییەکانەوە بەدەستی دەهێنێت. لەوانەیە نەتوانن ئەم وێنانە بە وریاییەوە بگرن و لەوانەیە لە کۆتاییدا هەوڵی وەرگرتنی هەمان ڕەفتار بدەن کە لە یارییەکاندا وێنا کراوە، پێکهاتەی مێشکیان هێشتا لە گەشەکردندایە و ناتوانن جیاوازی بکەن(محمد،٢٠١٩،٢٦٠)

لێکۆڵینەوەکە کۆمەڵێک چارەسەر و پێشنیاز بۆ خۆگرتنی ئەو دیاردەیە دەخاتە ڕوو، و مەحاڵە بڵێین کەمکراوەتەوە، چونکە بۆتە بەشێک لە کولتووری کۆمەڵگاکان لە دابینکردنی پێداویستییەکانی منداڵەکانیان، بۆیە کۆمەڵێک چارەسەرمان بینی کە بەشدارن بۆ ئەمە: پێویستی چاودێریکردنی منداڵان لەکاتی یاریکردندا، بەتایبەتی کە یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەستیان کردووە بە وەرگرتنی بەشێکی زۆر لە کاتەکانیان، ئەمەش کاریگەری هەیە، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر فشارە کەسییەکانیان دەبێت، و ماندوێتی و ماندوێتی جەستەیان زیاد دەکات بەبێ گرنگیدان دەربارەی دەرئەنجامە درێژخایەنەکانی ئەم ئالوودەبوونە، کە دەبێتە هۆی ماندوێتی بینین و سەرئێشە، جگە لە ماندوێتی جەستەیی بەهۆی شێوازی دانیشتن لەبەردەم شاشە. بەشداریکردنی خێزان لە هەڵبژاردنی یارییە گونجاوەکان بۆ منداڵەکانیان بەتایبەت ئەوانەی پشت بە زیرەکی و مەتەڵ دەبەستن و گرنگیدان بەو جۆرە یارییانە کە دووریان دەخاتەوە لە گرژی، ئەمە جگە لە دیاریکردنی ئەو کاتانەی دانیشتن کە منداڵ و هەرزەکاران لەبەردەم شاشەکاندا بەسەری دەبەن. نەدانی مۆبایل بە منداڵانی خوار تەمەنی سێ ساڵ، گرنگیدان بە چالاکییە بەسوودەکان.وەک ڕەنگکردن، چیرۆک، کوب، و یارییە تەقلیدیەکان.چاودێریکردنی ئەو ماڵپەڕانەی منداڵ سەردانیان دەکات لە ئینتەرنێت و ئەو یارییانەی کە ئەنجامی دەدات. دڵنیابە لەوەی زۆرترین کات لەگەڵ منداڵان بەسەر دەبەیت، قسەیان لەگەڵ بکە و گوێیان لێبگریت، ڕۆژانە کاتێکی دیاریکراو بۆ یاری ئەلیکترۆنی و پابەندبوون پێیەوە دابنێ، هەروەها پاڵنەری منداڵەکە بۆ ڕاهێنانی وەرزش و چالاکییە وەرزشییەکانی دیکە.( الشمري،٢٠١٩،٥٥)

# دەروازەی دووەم

# لایەنی مەیدانی توێژینەوە

## بەشی چوارەم : میتۆدی توێژینەوە و ڕێوشوێنەکانی مەیدانی

باسی یەکەم: میتۆدی توێژینەوە

باسی دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوە

باسی سێیەم: نموونەی توێژینەوە

باسی چوارەم : بوارەکانی توێژینەوە

باسی پێنجەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

باسی شەشەم : ئامرازە ئامارییەکان

# بەشی چوارەم : میتۆدی توێژینەوە و ڕێشوێنی مەیدانی

## باسی یەکەم: میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بە یەکێک لە میتۆدە باوەکانی دادەنرێت، کە زیاتر لە میتۆدەکانی تر بڵاو و وورد و زانستیترە. دەکرێت لە گرینگترین میتۆدەکانی توێژینەوەش بێت، چونکە داتای چەندایەتی و ئاماری و ئامرازەکانی شیکردنەوەی ئاماری تێدا بەکاردێت، بۆ روونکردنەوەی پرۆسەکان و دیاردە کۆمتڵایەتیەکانی ناو چوارچێوەی توێژینەوە و شیکردنەوەی، هەروەها میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێت بە دوو ڕێگا ئەوانیش بریتین لە : (عبدالرحمن،١١٥، ٢٠٠٣-٢٠٠٤).

**یەکەم: روپێوی گشتگیر:** ئەمە زانیاری زۆر و جۆراوجۆر لە بارەی لایەنەکانی دیاردەی لێتوێژراو لە هەموو یەکەکانی کۆدەکاتەوە، ئینجا چ ماددەکان بێت یاخود تاکەکان یان گرووپەکان.

**دووەم: روپێوی بەنموونە:** بەڵام ئەمەیان لە روپێوی گشتگیر زیاتر بەکاردەهێنرێت و بڵاوترە، ئەمەش لەبەر کەمی تێچوونی و هەروەها لەبەر توانای دەستکەوتنی دەرئەنجامی هاوشێوە، واتە دەکرێت لەسەر هەموو یەکەکانی کۆمەڵگا بگشتێنرێت، هەروها لەم جۆرە روپێویەدا زانیاری زۆر و جۆراوجۆر کۆدەکرێتەوە، بەڵام تەنها لەو تاکانەی کە بوونەتە نموونەی توێژینەوەکە(خەمەش،٣٧٨-٣٧٩، ٢٠١٢).

ئەم توێژینەوەیە کەوا میتۆدی وەسفی بەرێگای رووپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە بەکارهاتوو لەبەر پێویستی توێژینەوەکە.

## باسی دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوە

مەبەست لە کۆمەڵگای توێژینەوە هەموو ئەو تاکانەی یانیش یەکەکانی ئەو دیاردەیەیە دەبێتە بابەتی توێژینەوە، دەکرێ ئەو کۆمەڵگایە دانیشتوانی شارێک بێ ، یانیش کۆمەڵێک جوتیار لە ناوچەیەکی دیاریکراو بن، کەواتە کۆمەڵگای توێژینەوە هەموو ئەو تاکەکانی زانیارییان لەبارەی ئەو دیاردەیەی لەژێر لێتوێژینەوەدایە، هەڵگرتووە، واتا کۆی یەکەکانی ئەو توێژینەوەی دەویستریٚ زانیارییان لێوە بەدەست بهێندرێت( عبدلمؤمن، ١٨٤، ٢٠٠٨).

لێرەدا کۆمەڵگای ئەو توێژینەوەیە بریتتیە لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێژی ئاداب ،قۆناغی یەکەم تا چوارەم بەشێوەی هەرەمەکی وەرگیراوە .

## باسی سێیەم: نموونەی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەرەمەکی وەرگیراوە و لێرەدا پێناسەیەکی نموونەی توێژینەوە دەخەینەڕوو کە دەڵێت نموونەی توێژینەوە بەشێکە لە کۆمەڵگای توێژینەوە نوێنەرایەتی ئەو کۆمەڵگایە دەکات و هەموو ئەو سیفاتانەی تێدایە کە لە کۆمەڵگایەکی سەرەکیدا بوونی هەیە، توێژەر بە چەند ڕێگەیەکی جۆراوجۆر وەریان دەگرێت و پێویستە لە هەمان کاتدا ئەم نموونەیە نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوە بکات ( ازهر السماک و اخرون،٤١:١٩٨٦).

نموونەی توێژینەوە بریتییە لە (٥٠) قوتابی، بە شێوەیەکی یەکسان بەرکەوتە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ،بەشێوەیکی هەرەمەکی لە گشت بەشەکانی زانکۆ لەزانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب  کە لە  (٢٥) قوتابی نێر و (٢٥) قوتابی مێ بوو کە هەڵبژێردران.

## باسی چوارەم : بوارەکانی توێژینەوە

بواری شوێن :  بریتیە لە زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ،  کۆلێژی ئاداب

بواری مرۆی : دیاریکردنی کۆمەڵە کەسانێک دەبنە کۆمەڵگای توێژینەوە ئێمەش هەڵساوین بە وەرگرتنی هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدینی شاری هەولێر کە ژمارەیان (٥٠) قوتابییە (٢٥) نێر و (٢٥) مێ.

بواری کات : ئەو ماوە زەمەنییەی بۆ ئەنجامدانی کارە تێوری و مەیدانیەکانی ئەم توێژینەوەیە پێویستە کە لەبەرواری ٢٠٢٤/٢/١ تا ٢٠٢٤/٣/١٨

## باسی پێنجەم: ئامرازەکانی توێژینەوە زانیاری

کۆکردنەوەی زانیاری بە یەکێک لە قۆناغە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست لەیەر کۆمەڵگای توێژینەوە، لێرەدا هەڵبژاردنی جۆری ئامرازی کۆکردنەوەی زانستی کە گونجاو بێت، لەگەڵ توێژینەوەکە کارێکی پێویستە، چونکە ئامانجەکانی توێژینەوە نایەتەدی، ئەگەر توێژەر لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاریەکانی ئامرازێکی گونجاوی هەڵبژاردن بێت، ئینجا لێرەدا ئەو ئامرازە زانسیتییەی کە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەدا بەکارهاتووە( عمر،٣٢٥، ٢٠١٢) بریتییە لە (فۆرمی ڕاپرسی):بریتییە لە ئامرازێکی سەرەکی لە کۆکردنەوەی داتاکان بە تایبەتی لە رووپێوە کۆمەلایەتییەکاندا،کە لە کۆمەڵێک برگە و پرسیار لە پێناو دەستکەوتنی وەلام لە لێ توێژراو کە ئێمە لەم توێژینەوەیە ئاماژەمان پێ داوە، لێ توێژراو ئازادە لە وەلامدانەوەی پرسیارەکان ( عبدلحلیم منسي-کامل احمد،٢٠٠٢:٧٠).

لەم توێژینەوەیەدا بۆ فۆرمی راپرسی بەکارهاتووە کە لە (١٩) پرسیار پێکهاتبوون، کە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەشمان (قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب ) بوون.

## باسی شەشەم : ئامرازە ئاماریەکان

لەم توێژینەوەیەدا ئەم ئامرازە بەکارهاتووە :

$$\text{ڕێژەی سەدی} = \frac{\text{بەشی}}{\text{گشتی}} \times ١٠٠$$

# بەشی پێنجەم

# خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان

باسی یەکەم:خستنەڕووی زانیاریە گشتیەکانی توێژینەوە

باسی دووەم: خستنەرووی زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوە

باسی سێیەم: دەرەئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوە

یەکەم:ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

دووەم:پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

سێیەم:ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

# باسی یەکەم: خستنەڕووی زانیاریە گشتیەکان

## خشتەی (١) قۆناغەکانی خوێندنی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە:

| ڕێژەی سەدی٪ | دووبارەکان | قۆناغ |
|---|---|---|
| ٪٤٢ | ٨ | قۆناغی یەکەم |
| ٪٣٢ | ٥ | قۆناغی دووەم |
| ٪١٦ | ١٦ | قۆناغی سێیەم |
| ٪١٠ | ٢١ | قۆناغی چوارەم |
| ٪١٠٠ | ٥٠ | کۆی گشتی |

خشتەی (١) بۆمان دەرکەوتووە کە (٤٢٪) قوتابیانی قۆناغی یەکەمن، وە (٣٢٪) قوتابیانی قۆناغی دووەمن، بەڵام ئەوەی کە ڕێژەی زۆری بەرکەوتووە بریتین لە هەردوو قۆناغی سێ و چوار، کە (١٦٪) قوتابیانی قۆناغی سێن، وە (١٠٪ ) قوتابیانی قۆناغی چوارن.

## خشتەی (٢) ڕەگەزی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە:

| ڕێژەی سەدی٪ | دووبارەکان | ڕەگەز |
|---|---|---|
| ٪٥٠ | ٢٥ | نێر |
| ٪٥٠ | ٢٥ | مێ |
| ٪١٠٠ | ٥٠ | کۆی گشتی |

خشتەی (٢) بۆمان دەرکەوتووە کە هەردوو ڕەگەز (٥٠٪) بە (٥٠٪) بوو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یەکسان هەلی بەژداریکردنیان هەبێت،

**خشتەی (٣) ئاستی ئابووری ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە:**

| قۆناغ | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| باش | ٢٢ | ٤٤٪ |
| ناوەند | ٢٢ | ٤٤٪ |
| خراپ | ٦ | ١٢٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی (٣) بۆمان دەرکەوتووە کە نموونەی توێژینەوەکەمان زیاتر لە ئاستی بژێوی (باش و ناوەندن)، کە (٤٤٪) ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستی باشن، وە (٤٤٪) ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستی ناوەندن، ئەوانەی کە ئاستی بژێویان باش نییە زۆر کەمن دەگاتە (١٢٪).

**خشتەی (٤) یارییە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەری لەسەر هزر و ڕەفتاری گەشەی منداڵ دروست دەکات.**

| بەش | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٦ | ٩٢٪ |
| تاڕادەیەک | ١ | ٢٪ |
| نەخێر | ٣ | ٦٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی (٤) بۆمان رونبەوە کە زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکەمان پێیان وایە یاری ئەلیکترۆنی کاریگەری لەسەر گەشەی هزری منداڵ درووست دەکات کە بە ڕێژەی (٩٢٪). ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت دەبێت هەوڵبدەین منداڵانمان دوور بخەینەوە لە یارییە ئەلیکترۆنییەکان.

## خشتەی (٥) یاریە کۆمەڵایەتییەکان دەیانەوێ زمانی خۆیان بەسەر زمانی دایک دا زاڵ بکەن.

| بەش | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٣ | ٪٤٦ |
| تاڕادەیەک | ١٩ | ٪٣٨ |
| نەخێر | ٨ | ٪١٦ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی (٥) بۆمان دەرکەوتووە کە (٪٤٦) ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان لەگەڵ ئەوەن کە یاریە کۆمەڵایەتییەکان دەیانەوێ زمانی خۆیان بەسەر زمانی دایک دا زاڵ بکەن، وە (٪٣٨) تاڕادەیەک هاوڕا بوون لەگەل ئەم بڕگەیە، وە (٪١٦) ئەم بڕگەیان ڕەت کردەوە.

## خشتەی (٦) یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانێت وەک ئامرازێک لە بواری پەروەردە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.

| بەش | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٦ | ٪٣٢ |
| تاڕادەیەک | ٢٢ | ٪٤٤ |
| نەخێر | ١٢ | ٪٢٤ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی (٦) زۆرینەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان پێان وابوو کە یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانێت وەک ئامرازێک لە بواری پەروەردە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. ئەوەی کە هاوڕا نەبوو ڕێژەیەکی زۆر نەبوو ئەویش(٪٢٤) بوون.

## خشتەی (٧) لە يارييە ئەلكترۆنييەكاندا زمانی بێگانە بەكاردێنی.

| ڕێژەی سەدی٪ | دووبارەكان | بەش |
|---|---|---|
| ٪٧٤ | ٣٧ | بەڵێ |
| ٪٢٠ | ١٠ | تاڕادەيەک |
| ٪٦ | ٣ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ٥٠ | كۆی گشتی |

خشتەی (٧) زۆرينەی ئەندامانی نموونەی توێژينەوەكەمان لەگەڵ ئەوە بوون كە لە يارييە ئەلكترۆنييەكاندا زمانی بێگانە بەكاردێت، كە بە ڕێژەی (٧٤٪)يە، ئەمەش وادەكات كە منداڵ دووركەوێتەوە لە زمانی شيرينی دايک و بە درەنگ فێری قسەكردن بێت.

## خشتەی (٨) ئايا ياری ئەليكترۆنی بەشدارە لە فێربوونی زمانی بێگان؟

| ڕێژەی سەدی٪ | دووبارەكان | بەش |
|---|---|---|
| ٪٦٤ | ٣٢ | بەڵێ |
| ٪٢٨ | ١٤ | تاڕادەيەک |
| ٪٨ | ٤ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ٥٠ | كۆی گشتی |

خشتەی (٨) بۆمان دەردەكەوێت كە زۆرينەی ئەندامانی نموونەی توێژينەوەكەمان لەگەڵ ئەوەن كە ياری ئەليكترۆنی بەشدارە لە فێربوونی زمانی بێگانە، كە بە ڕێژەی(٦٤٪)، ئەمەش وادەكات هانی خێزانەكان بدات منداڵەكانيان لەو ڕێگايە هان بدەن بۆ فێربوونی زمانی بێگانە.

**خشتەی (٩) یارییە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەری لەسەر ئەندامانی خێزان هەیە.**

| بەش | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٦ | ٥٢٪ |
| تاڕادەیەک | ١٦ | ٣٢٪ |
| نەخێر | ٨ | ١٦٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی (٩) بۆمان دەرکەوتووە کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان لەگەڵ ئەوەن کە یارییە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەری لەسەر ئەندامانی.خێزان هەیە، کە بە ڕێژەی(٥٢٪) ئەمەش زۆرجار وادەکات ئەندامانی خێزان ئاگاداری یەک نەبن و سەرقاڵی یاریە ئەلیکترۆنیەکان بن، ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان.

**خشتەی (١٠) ئایا یاریە ئەلیکترۆنییەکان هۆکارن بۆ فەرامۆشکردنی زمانی دایک؟**

| بەش | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٠ | ٤٠٪ |
| تاڕادەیەک | ١٦ | ٣٢٪ |
| نەخێر | ١٤ | ٢٨٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی (١٠) بۆمان دەرکەوتووە کە ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەمان بە ڕێژەی(٤٠٪) لەگەڵ ئەوەن کە یاریە ئەلیکترۆنییەکان هۆکارن بۆ فەرامۆشکردنی زمانی دایک، لەهەمان کاتدا بە ڕێژەی (٣٢٪) پێیان وابوو تا ڕادەیەک لەگەڵ ئەوە بوون، بەڵام لە ئیستای هەرێمی کوردستان ئەمە بە ڕوونی بەدیار کەوتووە کە زمانی دایک فەرامۆش کراوە لەلایەن منداڵان بەهۆی ژینگەی ئینگلیزی یا عربی.

**خشتەی (١١) بەکارهێنانی زمانە جیاوازەکان لە یارییە ئەلکترۆنییەکان هۆکارێکە بۆ پشتگوێ خستنی زمانی دایک.**

| بەش | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١١ | ٪٢٢ |
| تاڕادەیەک | ٢٣ | ٪٤٦ |
| نەخێر | ١٦ | ٪٣٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی (١١) بۆمان دەرکەوت کە سەدا (٪٢٢) لەگەڵ ئەوەن کە بەکارهێنانی زمانە جیاوازەکان لە یارییە ئەلکترۆنییەکان هۆکارێکە بۆ پشتگوێ خستنی زمانی دایک، لەهەمان کاتدا (٪٤٦) لەوەلاّم وتیان تا ڕادەیەک، وە (٪٣٢) وەلاّمیان نەخیر بوو بۆ ئەم برگە.

**لە خشتەی ژمارە (١٢) یارییە ئەلیکترۆنییەکان بەشدارن لە پاراستن و پەرەسەندنی زمان لە کۆمەڵگای کوردیدا.**

| بەش | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧ | ٪١٤ |
| تاڕادەیەک | ١٧ | ٪٣٤ |
| نەخێر | ٢٦ | ٪٥٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی (١٢) بۆمان دەرکەوتووە کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە (یارییە ئەلیکترۆنییەکان بەشدارن لە پاراستن و پەرەسەندنی زمان لە کۆمەڵگای کوردیدا) کە بە ڕێژەی (٪٥٢)، بە ڕێژەی (٪١٤) هاوڕابوون کە یارییە ئەلیکترۆنییەکان بەشدارن لە پاراستن و پەرەسەندنی زمان لە کۆمەڵگای کوردیدا، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە.

**خشتەی (١٣) بەشێوەیەکی تایبەت لەڕێگەی یاریکردنەوە پێشکەوتنت لە توانای زماندا ئەزموون کردووە؟**

| بەش | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٩ | ٪٣٨ |
| تاڕادەیەک | ١٧ | ٪٣٤ |
| نەخێر | ١٤ | ٪٢٨ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی (١٣) بۆمان دەردەکەوێت کە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان تا رادەیک وەڵامەکانیان لەیەکتر نزیکە لە بڕگەی بەشێوەیەکی تایبەت لەڕێگەی یاریکردنەوە پێشکەوتنت لە توانای زماندا ئەزموون کردووە؟ بۆیە ناتوانین بڵێین کە یاریکردن کاریگەری هەیە لەسەر پیشکەوتنی زمان یاخود نا.

**خشتەی (١٤) لە ئەنجامی یاریکردندا هیچ گۆڕانکاری لە وشەسازی یان زمانەوانیت ڕویداوە؟**

| بەش | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٥ | ٪٣٠ |
| تاڕادەیەک | ٢١ | ٪٤٢ |
| نەخێر | ١٤ | ٪٢٨ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی (١٤) ئەوەی زۆرینەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە هاوڕا بوون بریتی بوو لە وەڵامی تاڕادەیەک بە ریژەی(٪٤٢) لە بڕگەی لە ئەنجامی یاریکردندا هیچ گۆڕانکاری لە وشەسازی یان زمانەوانیت ڕویداوە؟ ئەمەش ئەوە دەگەینی بە پێی جۆری ژینگە و گەشەی منداڵەکە دەردەکەوێت کە گۆڕانکاری رویداوە یاخود نا.

**خشتەی (١٥) یاری ئەلیکترۆنی دەتوانێت وەک ئامرازێک بۆ پەروەردە وپەیوەندی لێکتێگەشتن لەناو تاکەکاندا ڕووبدات.**

| بەش | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢ | ٪٢٤ |
| تاڕادەیەک | ١٩ | ٪٣٨ |
| نەخێر | ١٩ | ٪٣٨ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی (١٥) بۆمان دەرکەوت کە یاری ئەلیکترۆنی ناتوانێت وەک ئامرازێک بۆ پەروەردە وپەیوەندی لێکتێگەشتن لەناو تاکەکاندا بەکار بێت چوونکە بە ڕێژەی(٪٣٨) وەڵامیان نەخێر بوو، وە (٪٣٨) وەڵامیان تاڕادەیک بوو، ئەوەی ماوەتەوە (٪٢٤) کە وەڵامیان بەڵێ بوو.

**خشتەی (١٦) هەست بە کاریگەری ئەم یارییە ئەلکترۆنییانە لە نێوان هەڵبژاردنی زمان دەکەیت.**

| بەش | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢١ | ٪٤٢ |
| تاڕادەیەک | ١٧ | ٪٣٤ |
| نەخێر | ١٢ | ٪٢٤ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی (١٦) بۆمان دەرکەوت کە (٪٤٢) ئەندامانی نموونەی تویژینەوەکەمان هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی کە هەست بە کاریگەری ئەم یارییە ئەلکترۆنییانە لە نێوان هەڵبژاردنی زمان دەکەیت. ئەوەی وەڵامی نەخێر بوو بریتی بوو لە(٪٢٤) کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر نییە.

**خشتەی (١٧) یارییە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەری هەیە لەسەر دواکەوتنی گەشەی زمانی منداڵ.**

| ڕێژەی سەدی٪ | دووبارەکان | بەش |
|---|---|---|
| ٪٥٨ | ٢٩ | بەڵێ |
| ٪١٦ | ٨ | تاڕادەیەک |
| ٪٢٦ | ١٣ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ٥٠ | کۆی گشتی |

خشتەی (١٧) ئەوەی توێژەران تێبینیان کرد لە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ئەوەبوو کە (٪٥٨) هاوڕابوون لەسەر ئەوەی یارییە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەری هەیە لەسەر دواکەوتنی گەشەی زمانی منداڵ، ئەوەی هاوڕا نەبون ڕێژەیان کەم بوو بە ڕێژەی(٪٢٦).

**لە خشتەی ژمارە (١٨) زۆر کات تەرخانکردن بۆ یارییە ئەلکترۆنییەکان ڕەفتاری تاکیان بەرەو لادان بردووە.**

| ڕێژەی سەدی٪ | دووبارەکان | بەش |
|---|---|---|
| ٪٦٠ | ٣٠ | بەڵێ |
| ٪٢٨ | ١٤ | تاڕادەیەک |
| ٪١٢ | ٦ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ٥٠ | کۆی گشتی |

خشتەی (١٨) زۆرینەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی زۆر کات تەرخانکردن بۆ یارییە ئەلکترۆنییەکان ڕەفتاری تاکیان بەرەو لادان بردووە، کە بە ڕێژەی (٪٦٠) بوو، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە، ئەمش ئەوە دەردەخات کە یارییە ئەلکترۆنییەکان ڕەفتاری تاکیان بەرەو لادان بردووە.

**خشتەی (١٩) دەکرێ لەڕێگەی یارییەک ئەلیکترۆنییەکانەوە خولیا و ئارەزوەکانی تاک دیاری بکرێ.**

| بەش | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٣ | ٪٢٦ |
| تاڕادەیەک | ١٨ | ٪٣٦ |
| نەخێر | ١٩ | ٪٣٨ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی (١٩) ئەوەی توێژەران تیبینیان کرد ئەوە بوو کە ڕێژەیەکی زۆر هاوڕا نەبوون لەگەڵ بڕگەی دەکرێ لەڕێگەی یارییەک ئەلیکترۆنییەکانەوە خولیا و ئارەزوەکانی تاک دیاری بکرێ، ئەمش پێمان دەڵێت کە یارییەک ئەلیکترۆنییەکان ناتوانن ئارەزووەکانی تاک دیاری بکەن .

**خشتەی (٢٠) بەکارهێنانی یارییە ئەلکترۆنییەکان بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر و بێ سنوور دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشەی دەروونی و تەندروستی.**

| بەش | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٩ | ٪٥٨ |
| تاڕادەیەک | ١١ | ٪٢٢ |
| نەخێر | ١٠ | ٪٢٠ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی (٢٠) بۆمان دەرکەوتووە کە بە ڕێژەی (٥٨٪)ی نموونەی توێژینەوەکەمان هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی بەکارهێنانی یارییە ئەلکترۆنییەکان بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر و بێ سنوور دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشەی دەروونی و تەندروستی. ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە پێویستە دووربکەوینەوە لە زۆر بەکارهینانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان.

**خشتەی (٢١) یارییە ئەلکترۆنییەکان کاریگەری لەسەر دەرهاوێشتە دەروونییەکانی منداڵ هەیە.**

| ڕێژەی سەدی٪ | دووبارەکان | بەش |
|---|---|---|
| ٪٦٤ | ٣٢ | بەڵێ |
| ٪٢٦ | ١٣ | تاڕادەیەک |
| ٪١٠ | ٥ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ٥٠ | کۆی گشتی |

خشتەی (٢١) بۆمان دەرکەوتووە کە زۆرینەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان بە ڕێژەی (٪٦٤) هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە یارییە ئەلکترۆنییەکان کاریگەری لەسەر دەرهاوێشتە دەروونییەکانی منداڵ هەیە. کەواتە لێرە نابێت ژینگەیکی وا بۆ منداڵ بڕەخسینین کە بەردەوام ژیانیان لەنێو یارییە ئەلیکترۆنیەکان بێت.

## باسی دووەم: دەرئەنجام

لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتووە کە لەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکە بەدەستهاتووە ، توێژەر بەچەند دەرئەنجامێک گەیشتووە کەلەم خاڵانەی خوارەوە دەخرێتە روو: -

1. یارییە ئەلیکترۆنیەکان کاریگەریان هەیە لە فێربوونی زمانی بێگانە.

یارییە ئەلیکترۆنیەکان کاریگەریان هەیە لە فێربوونی زمانی بێگانە دەبێت، دەرئەنجامی هەموو توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات منداڵ یەکەمجار فێری ناوەکان دەبێت بەتایبەتی ئەو ناوانەی کە لەچواردەوری منداڵەکەن و رۆژانە منداڵ لەرێگەی هەستەوەرەکانییەوە روبەڕوویان دەبێتەوە، وەک (دایە، دادە، ئاو، نان، دەم... هتد) منداڵ ماوەیەکی زۆر دوای ناوەکان دواتر فێری کردار دەبێت و بەکاریاندەهێنێت، چونکە کردار لەدوو لایەنەوە جیاوازە لە ناو کە ئەوانیش بریتین لە: کات: لەکرداردا کات هەیە (ئێستا، رابردوو، داهاتوو)، بەڵام لەناودا کات نیە، ئەوەش بۆ منداڵ زەحمەتە . رووداو: لەکرداردا رووداو هەیە وەک (رۆشتن، خواردن، بردم) ئەم رووداوانەش لەناودا دیسان بونیان نییە. کەواتە بۆ منداڵ فێربوونی کردار گرانەو کاتی زۆری دەوێت و پەیوەستە بەگەشەکردنی ژیری منداڵەوە، بۆیە منداڵ لەفێربوونی کرداردا دوادەکەوێت.

2. بەشێکی زۆری یارییە ئەلیکترۆنیەکان هۆکارن بۆ فەرامۆشکردنی زمانی دایک.

زۆر لەتوێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، زۆر هۆکار هەن دەبنە هۆی دواکەوتنی گەشەی ئاسایی زمانی منداڵ، لەوانەش:پەلەکردنی دایک و باوک: زۆر لەدایکان و باوکان پێش ئەوەی منداڵەکانیان بگەنە تەمەنی قسەکردن، زۆر لەمنداڵەکانیان دەکەن بۆ ئەوەی زوو قسەبکەن، بەڵام لایەنی بایۆلۆژی منداڵ تەواو گەشەی نەکردووەو کەموکورتیان هەیە، هەروەها دەنگە ژێ و ماسولکەکان نەگەیشتونەتە ئاستی پێویست لەمێکیشدا کەموکورتی هەیە، بۆیە منداڵەکە ناتوانێت بەپێی خواستی ئەوان قسەبکات و توشی شکست دەبێت و باوەڕی بەخۆی نامێنێت، ئەو سەرنەکەوتنەش دەبێتە مایەی تورەو بێزاری منداڵەکە، ئەمەش وادەکات منداڵەکە مانگرتن دژی زمان بەرپابکات و دەروونی لەتەمەنی ئاسایی قسەکردنیشدا قسەنەکات و مانبگرێت، وەک پەرچدانەوەو ناڕازی بوونێک ، ئاخاوتن بە دوو زمان: ئەو منداڵانەی

لەسەرەتای ژیانەوە فێری دوو زمانیان دەکەن لەداهاتوودا زیانێکی زۆر بۆ سەرمایەی زمانیان دەبێت، لەبەرئەوەی ناتوانن بەتەواوی فێری هەردووکیان ببن، بەڵکو بەناتەواوی فێری هەردووکیان دەبن، لەبەرئەوەی هەر زمانەو تایبەتمەندی خۆی هەیە.

3. یارییە ئەلیکترۆنیەکان کاریگەریان هەیە لەسەر دواکەوتنی گەشەی زمانی منداڵ.

یارییە ئەلیکترۆنیەکان کاریگەریان هەیە لە فێربوونی زمانی منداڵ و گەشەی منداڵ ، بەڵکو مێژوویەکی نوێی هەیە، وە بێگومان بە هاتنی ئەم جۆرە یارییانە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر ڕەفتار و گوفتاری منداڵ بەجۆرێکی بەرچاو درووست کردووە، هەندێجار ئەکرێت بڵێین: ئەم یاریانە بۆمەبەستی فێربوونی زمان و فێربوونی ژمارە و جیاوازییەکان بەکاردێت.

ئەوەی زۆر گرنگ بێت لێرەدا بەهۆی خراپ بەکارهێنان و زۆر بەکارهێنانی بەکاربەرە ئەلیکترۆنییەکان، بەجۆرێک ئالودەی کردوون، لە زۆربەی ڕەهەندەکانی ژیانی منداڵ و گەنجان و هەندێ جار گەورەکان کاریگەری نەرێنیان بەشێوەیەکی بەرچاو درووستکردووە.

## پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

١- پێویستە دایک و باوک چاودێری منداڵەکانیان بکەن لەکاتی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان و ئەو جۆرە یارییانە هەڵبژێرن کە پێویستە یاری پێبکەن

٢- یاسایەک دەربکەن کە جۆری ئەو یارییانە دیاری بکات کە منداڵان ڕێگەیان پێدەدرێت ئەنجامی بدەن و سزای دایکان و باوکان بدەن ئەگەر سەرپێچی ئەم یاسایە بکەن.

٣- دە وڵە ت چاودێری هە موو سایتە ئە لیکترۆنییە کانی یاریکردن و قە دە غە کردنی ئە و یاریانە ی کە کاریگە ری خراپیان لە سە ر ئە ندامانی کۆمە ڵگا هە یە .

٤- ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاری سەبارەت بە مەترسی ئالوودەبوون بە یارییە ئەلیکترۆنیەکان و بڵاوبوونەوەی دیاردەی توندوتیژی

٥- هێنانە ناوەوەی یارییە پەروەردەییەکان بۆ ناو بەرنامە پەروەردەییەکان بە مەبەستی ڕاکێشانی منداڵان بەرەو ئەو یارییانە.

٦- پێویستە دایک و باوک کاتی یاریکردن بۆ منداڵ ڕێکبخەن، کات بۆ یارییە ئەلیکترۆنیەکان و کات بۆ یارییە ڕاستەقینەکانی وەک ڕاکردن و مەلەکردن تەرخان بکەن.

٧- زانیاری دایکان و باوکان و پەروەردەکاران لەسەر ئەرێنی و نەرێنییەکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی لایەنە ئەرێنییەکان و کەمکردنەوەی نەرێنییەکان.

## ڕاسپاردەکان

1. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی (زۆری بەکار هینانی ئینتەرنێت و کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لای گەنجان).
2. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی( خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و کاریگەری لەسەر تەلاقدان).
3. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی( ژیانی ئەو ئافرەتانەی لە شەڵتەرەکانن بۆهۆی کێشە کۆمەلایەتییەکان).
4. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی( کەمی ڕێژەی زەواج و زۆری جیابوونەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا).

5. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی( دووره پەرێزی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە گونجانی کۆمەڵایەتی لای پیگەیشتوان).
6. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی( رازیبوون لەکار و پەیوەندی بە خۆشەویستی لە شوینی کارکردن).

# ليستی سەرچاوەكان

## يەكەم: سەرچاوە كوردييەكان:


1. مراد حەكيم محمد (٢٠٠٤)، ئاكامە كۆمەلايەتيەكانی ڕاگواستنی كورد ل عێراق لە سەردەمی بەعس دا. دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی سەنتەری لێكۆلينەوەی ستراتيجی كوردستان، سلێمانی.
2. يوسف شەريف سەعيد (٢٠١١)، ئاسۆيەكی تری زمانەوانی، بەرگی يەكەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر.
3. ڕەحمان قادر سورخی (٢٠١٣)، مەترسيەكانی سەر زمانی كوردی وەک (زمانی زگماكی) يادكردنەوەی ڕۆژی جيهانی زمانی دايک، بلاوكراوەی ئەكاديميايی كوردی، چاپی يەكەم، چاپ خانەی حاجی هاشم، هەولێر.
4. سورێن ئەكرەم حەمە نەجم. (٢٠١٩) شوێنەوارە كۆمەلايەتييەكانی ئالودەبوونی تاک بەيارييە ئێلێكترۆنييەكان پەبجی بە نموونە.


## دووەم: سەرچاوە عەرەبييەكان:


1. فيريول،جبل. (٢٠١١) معجم مصطعات علم الاجتماع. ت:آنسام محمد الأسعد طه. بيروت. دارو مكتب الهلال.
2. هودا،محمد أخرون. (٢٠٢٠) آكتساب اللغه العربية اللغه الثانوية لدى التلاميذ المدرسة،كليةالتربية،المجلة اللغة والكلتور. العدد(١).
3. سارة محمود عبدالرحمان حمدان (٢٠١٦)، ايجابيات الالعاب الالكترونية التى يمارسها آطفال مرحلتى الطقولة المتاخرة والحراهقة وسلبياتها من وجهه نظر المحلمين والاطفال انفهم، رسالة قدمت لاستكمال متطلبات الحصول على درجة الماجستير فى التربيه تخصص المناهج وطرق التدريس، كليه الحلوم التربوية، جاميعة الشرق الاوسط.
4. ايمان جميل. (2018). تنظيم بيئة تعلم الطفل ، رؤية معاصرة. عمان: دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر.
5. خالد صلاح حنفي (2018) تاريخ تربية الطفل. الاسكندرية: دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر.
6. سناء النعيمي (2020) الالعاب الالكترونية والانتباه الانتقائي. بيروت: دار المناهج للنشر والتوزيع.
7. سناء عبد الوهاب الكبيسي. (2018). تعلم الاطفال من خلال العب. عمان: دار صفاء للنشر والتوزيع.
8. فاطمة همال (2019) الطفل والالعاب الالكترونية ودورها عبر الوسائط الاعلامية الجديدة بين التسلية وعمق التاثير عمان الدار المصرية للنشر والتوزيع.
9. نهاد فتحي. (2018) الالعاب الالكترونية قتاثيرها على الاطفال القاهرة: دار العلوم للنشر والتوزيع.
10. نور الدين مختار .(2014) الالعاب الالكترونية رؤية شرعية. عمان: دار العلام للطباعة والنشر والتوزيع والترجمة.
11. أبو لبدة، سبع محمد (١٩٨٢م) مبادئ القياس النفسي والتقييم التربوي. ط٢. عمان: الجامعة الأردنية.
12. الآغا، إحسان، محمود (٢٠٠٣م). مقدمة في تصميم البحث التربوي. ط٣. غزة مطبعة لرنتيسي للطباعة والنشر.

13. بطيشه، مروة (٢٠١٩) متطلبات توظيف العلم القائم على الألعاب التعليمية الرقمية للأطفال المعاقين عقليا القابلين للتعلم، مجلة الطفولة والتربية، ٤٠
14. بهنسي، دعاء (٢٠٢١) تصميم الألعاب الإلكترونية لإثراء العملية التعليمية، مجلة العمارة والفنون والعلوم الإنسانية، عدد خاص
15. حسن، نبيل (٢٠١٩). التفاعل بين نمطي محفزات الألعاب الرقمية (النقاط / قائمة المتصدرين) وأسلوب التعلم (الغموض / عدم الغموض وأثره في تنمية مهارات الأمن الرقمي والتعلم الموجه ذاتيا لدى طلاب جامعة أم القرى مجلة كلية التربية ببنها
16. حكيم، رضا وعبد الكريم، منى (٢٠٢٠) فاعلية التعليم المدمج القائم على محفزات الألعاب الرقمية في زيادة التحصيل وتنمية التفكير الإيجابي لدى طلاب شعبة إعداد معلم الحاسب الآلي، مجلة البحث العلمي في التربية.
17. فرج، صفوت (١٩٩٧م). القياس والتقويم النفسي والتربوي. ط٢. القاهرة: مكتبة الأنجل.
18. القحطاني، خالد (٢٠١٦). تصميم بيئة تعلم تكيفية قائمة على استخدام الألعاب الإلكترونية التعليمية عبر الويب لتنمية مهارات المشاركة والتواصل غير اللفظي لدى الأطفال ذوي اضطراب التوحد، الجمعية المصرية لتكنولوجيا التعليم.
19. محمد، إيمان .(٢٠١٩). أثر التفاعل بين نمط محفزات الألعاب الرقمية (الشارات / لوحات المتصدرين) والأسلوب المعرفي (المخاطر / الحذر) على تنمية قواعد توين الصورة الرقمية ودافعية التعلم لدى طلاب تكنولوجيا التعليم، مجلة تكنولوجيا التربية – دراسات وبحوث
20. سالم، ناهد محمد بسيوني ، يناير، ٢٠١١، معايير تزويد المكتبات الجامعية بالمصادر الإلكترونية في ضوء سياسات التزويد العربية.
21. الشعفوري، علي بن شيخان بن تعيب (٢٠٠٩). أثر استخدام الألعاب المحوسبة في اكتساب طالب الصف السابع الأساسي مهارات العمليات الحسابية الأربع على مجموعة الأعداد الصحيحة رسالة ماجستير القاهرة معهد البحوث والدراسات العربية. محمد جبرين عطية و عبيدات، لؤي مفلح (٢٠١٠).
22. محمد جبرين عطية و عبيدات لؤي مفلح (٢٠١٠). أثر استخدام الألعاب التربوية المحوسبة في تحصيل بعض المفاهيم الرياضية لتلاميذ الصف الثالث الأساسي في مديرية اريد الأولى مجلة جامعة دمشق.
23. الذهلي، أحمد بن شامس (٢٠٠٨). أثر التدريس باستخدام الألعاب الرياضية المحوسبة على تحصيل طلبة الصف الثالث الأساسي واتجاهاتهم نحو الرياضيات. أطروحة ماجستير. كلية التربية جامعة السلطان قابوس، عمان.
24. منى يونس بحر ى، نازن عبد الحليم القطيشات)٢٠٠٨(:"مدخل إلى تربية الطفل" ، دارصفاء للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن ، ط١
25. مها حسنى الشحرورى(٢٠١١) "أللعاب اإللكترونية فى عصر العولمة" ، دار المسيرة،عمان ،األردن، ط١٠

## سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان:


1. scolt john (٢٠١٤), oxford dictionary of sociology, oxford university prees, ٤th edition, uk.
2. selen, k, & zimmerman, E,. (٢٠٠٤),Rules of play:game design fundamentals, cambridge, MA:MIL press,visual communication, ٤(١) ,١٢١_١٢٦.
3. Alharbi, L., (2020). The Effectiveness of Using Interactive Technology and Video Games on Developing English as a Foreign Language among Saudi Students in Qassim Region. TESOL International Journal, 15(5), pp.6-30.
4. Cabraja, A., (2016). The effects of video games on the receptive vocabulary proficiency of Swedish ESL students.
5. Tekinbas, K.S. and Zimmerman, E., (2003). Rules of play: Game design fundamentals. MIT press.
6. Muriel, D. and Crawford, G., (2018). Video games as culture: Considering the role and importance of video games in contemporary society. Routledge.

# پاشکۆ

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر**
**کۆلێژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی**

**فۆرمی ڕاپرسی**

سڵاو و ڕێز.........

ئەو فۆرمەی لەبەردەستت دایە توێژینەوەیەکی زانستیە سەبارەت بە (ئاکامە کۆمەلایەتیەکانی یارییە ئەلیکترۆنیەکان لەسەر زمانی دایک)توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە زانکۆی سەلاحەدین-کۆلێژی ئاداب جا ئەو پرسیارانەی کە لە خوارەوە ئاراستەی تۆ ی بەڕێز کراوە،تۆی بەرێزیش دەکرێ بە دەروونێکی ئاسوودەو ڕاشکاوانە وەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە.

**چەند تێبینیەکی پێویست**

١-پێویست بەناو نووسین ناکات ،یان هەرشتێک کە گوزارشت لە ناسنامەکەت بکات.

٢-ڕاستگۆیی و وردی وڵامەکەت پاڵپشتیەکی تۆکمە و بابەتییانەیە بۆ سەرکەوتنی ئەم توێژینەوەیە.

٣ -سەرجەم پرسیارەکان وڵام بدەوە ،وەتەنها یەک وەڵام هەلبژێرە بۆ هەر پرسیارێک ،و هیچیان فەرامۆش مەکە.

١-دوای خوێندنەوەی بڕگەکان(✓) بەرامبەر وەڵامی گونجاو لەیەکێک لەو دوو هەڵبژاردەی کە لە بەردەستدایە دابنێ.

**سوپاسی زۆر بۆ هاوکاریکردنت**

**ئامادەکردنی:**
**باران اسماعیل سابر**
**ایمان خضر عبدالله**

**بەسەرپەرشتی**
**م.رۆستەم صابر مستەفا**

## یەکەم:زانیاریە گشتیەکان

١-ڕەگەز-:نێر(   )مێ(   )

٢-تەمەن:-(   )

٣-قۆناغی خوێندنی زانکۆیی(          )

٤-باری ئابووری:-باش(        )،مامناوەند(        )،خراپ(        )

| أ | برگەکان | بەڵێ | نەخێر | تاڕادەیەک |
|---|---|---|---|---|
| -١ | یارییە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەری لەسەر هزر و ڕەفتاری گەشەی منداڵ دروست دەکات. | | | |
| -٢ | یاریە کۆمەڵایەتییەکان دەیانەوێ زمانی خۆیان بەسەر زمانی دایك دا زاڵ بکەن. | | | |
| -٣ | یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانێت وەک ئامرازێک لە بواری پەروەردە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. | | | |
| -٤ | لە یارییە ئەلکترۆنییەکاندا زمانی بێگانە بەکاردێنی. | | | |
| -٥ | ئایا یاری ئەلیکترۆنی بەشدارە لە فێربوونی زمانی بێگانە. | | | |
| -٦ | یارییە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەری لەسەر ئەندامانی. خێزان هەیە | | | |
| -٧ | ئایا یاریە ئەلیکترۆنییەکان هۆکارن بۆ فەرامۆشکردنی زمانی دایک. | | | |
| -٨ | بەکارهێنانی زمانە جیاوازەکان لە یارییە ئەلکترۆنییەکان هۆکارێکە بۆ پشتگوێ خستنی زمانی دایک. | | | |
| -٩ | یارییە ئەلیکترۆنییەکان بەشدارن لە پاراستن و پەرەسەندنی زمان لە کۆمەڵگای کوردیدا. | | | |
| -١٠ | بەشێوەیەکی تایبەت لەڕێگەی یاریکردنەوە پێشکەوتنت لە توانای زماندا ئەزموون کردووە. | | | |
| -١١ | لە ئەنجامی یاریکردندا هیچ گۆڕانکاری لە وشەسازی یان زمانەوانیت ڕویداوە؟ | | | |
| -١٢ | یاری ئەلیکترۆنی دەتوانێت وەك ئامرازێك بۆ پەروەردە وپەیوەندی لێکتێگەشتن لەناو تاکەکاندا ڕوودات. | | | |
| -١٣ | هەست بە کاریگەری ئەم یارییە ئەلکترۆنییانە لە نێوان هەڵبژاردنی زمان دەکەیت. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٤- | یارییە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەری هەیە لەسەر دواکەوتنی گەشەی زمانی منداڵ. | | | |
| ١٥- | زۆر کات تەرخانکردن بۆ یارییە ئەلکترۆنییەکان رەفتاری تاکیان بەرەو لادان بردووە. | | | |
| ١٦- | دەکرێ لەڕێگەی یارییەك ئەلیکترۆنییەکانەوە خولیا و ئارەزوەکانی تاك دیاری بکرێ. | | | |
| ١٧- | بەکارهێنانی یارییە ئەلکترۆنییەکان بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر و بێ سنوور دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشەی دەروونی و تەندروستی. | | | |
| ١٨- | یارییە ئەلکترۆنییەکان کاریگەری لەسەر دەرهاوێشتە دەروونییەکانی منداڵ هەیە. | | | |
| ١٩- | ئایا یارییە ئەلکترۆنییەکان هۆکارن بۆ تێکچوونی شیرازەی خێزان. | | | |